Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.20

# بونیادی درامی لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)ی شێرزاد حەسەندا، لە ڕوانگەی تیۆری "گۆستاف فرێیتاغ"ەوە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Abdulla Tahir Muhammad
abdullah.mohammed@su.edu.krd

**عبدالله تاهير محمد** / وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-مەخموور، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :12 /08/2025
ACCEPTED :23/09/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (بونیادی درامی لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)ی شێرزاد حەسەندا، لە ڕوانگەی تیۆری "گۆستاف فرێیتاغ"ەوە توێژینەوەکە نیشاندنەوەی بۆچوونەکانی گۆستاڤ فرێیتاغە بۆ بونیادی درامی کە لەشێوەی هەرەمێکدا لەسەدەی نۆزدە باسی لێوەکردووە، کەرەستەی کارەکەشمان بریتییە: لە ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"ی ڕۆماننووس "شێرزاد حەسەن"، کە کار لەسەر چۆنیەتی بونیادی درامی دەکات، لە ڕوانگەی گۆستاڤ فرێیتاغدا، ئاشکرایە "شێرزاد حەسەن"چەندین ڕۆمان و چیرۆک و کورتە چیرۆکی بەپێزی خستۆتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باس لە بونیادی دراما دەکەین لە ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"دا هاوشان لەگەڵ باسکردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی دراما لەڕووی تیۆرییەوە ڕاستەوخۆ پراکتیزەی ئەو ئەو ڕەگەزانەش دەکەین کە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ لە دراماادا بوونیان هەیە لەڕوانگەی گۆستاف فرێیتاغەوە، توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە توخمی ڕووداو وەک یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ژانری دراما و ڕۆمان یەکتر دەبڕن، بەدیاریکراوی کاتێک ڕووداو لەسەر بنەمای سەرەتا، ناوەند، کۆتایی ڕووداو، ئاراستە دەکرێت. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کەوا بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانی شێرزاد حەسەندا پەیوەستە بە چارەنووسی کارەکتەرەکانەوە کە بریتییە: لە مردن و ون بوون هەروەها لە کۆتاییدا هەروەها لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
دراما،
گۆستاڤ فرێیتاغ،
کارەکتەر،
ڕووداو،
کات و شوێن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی :

ئاشکرایە هیچ ڕۆمان و چیرۆکێک بەبێ هیچ کام لە بونیادە سەرەکیەکانی سەرکەوتوو نابێت و نابێتە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو، چونکە ئەم بونیادە سەرەکییانە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە بونیادی دەقی ڕۆماندا دەگێڕێن، هەروەها ئەو بنەمایانەن کە هێزی تەواو بە ڕۆمان دەبەخشن، لەبەرئەوەی ئەم ڕەگەزە سەرەکییانە بیر و بابەت و لایەنی هونەریی دەخەنە ژێر پرسیارەوە، کەواتە ڕۆمانی سەرکەوتوو ئەو ڕۆمانەیە کە سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرکانی بونیادی درامی لەخۆگرتبێت و ڕەچاوی هەمەلایەنەی ڕۆمانی کردبێت، لەهەمانکاتیشدا توانای ڕۆماننووس پیشان دەدات لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم توخمە سەرەکیانەی بونیادی ڕۆمان.

ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)، یەکێکە ڕۆمانە هەر باش و بەپێزەکانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کورد (شێرزاد حەسەن)ە کە چاپی یەکەمی لە ساڵی (2003) دا چاپکراوە، چەندین دەزگای جیاوازی چاپکردن، ئەم ڕۆمانەی نووسەریان چاپکردۆتەوە، بەشێوەیەکی گشتی حیکایەتخوان دەسەڵاتی زاڵە بەسەر گێڕانەوەی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، کارەکتەری سەرەکی بریتییە: لە فەرهاد کە لە هەندەران دەگەڕێتەوە و دەچێتەوە گوندی خۆیان، لەوێ هەموو شتێک نامۆیە و هیچ کەسێک نابینێتەوە، بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی خۆی و بە بیروەرییەکانیدا دێتەوە و ڕووداوەکان لەشێوەی خۆ دواندن و زاڵبوونی گێڕەرەوە بەسەر ڕووداوەکاندا، ڕوو داوەکان دەگێڕێتەوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی " بونیادی درامی لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)دا، لە ڕوانگەی "گۆستاف فرێیتاغ" دایە. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان کۆششێکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند" بۆ دەرخستنی ڕەگەزە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، لە ڕوانگەی گۆستاڤ فرێیتاغەوە.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە:** ئەگەرچی لە پێشوودا چەندین کار و لێکۆڵینەوە لەسەر بونیادی درامی و توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان کراوە، تەنانەت لە بەرهەکانی "شێرزاد حەسەن"یشدا ئەنجامدراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی ئێمە یەکەم کاری زانستییە لەبارەی ڕۆمانی "تەمی سەرخەرەند" کراوە، لە ڕووی بونیادی درامیی ڕۆمانەوە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی "گۆستاڤ فرێیتاغ"دا

**پرسیاری توێژینەوە:** توێژینەوەکەمان پرسیاری ئەوە دەکات ئاخۆ چ جیاوازییەک لەنێوان بۆچوونی گۆستاف و نووسەرانی پێش گۆستاڤ و دوای گۆستاڤ چیە؟ کە دەکرێت ببێتە بنەما بۆ توێژینەوەیەکی تر.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕاستە لە چوارچێوەی وتار و کورتەوتار بە زمانی کوردی، کار لەسەر بونیادی درامی چیرۆک و ڕۆمان کراوە و شتی لەبارەوە نووسراوە و ئەنجامدراوە، بەڵام لە سەر ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"، لە ڕووی بونیادی درامییەوە و هیچ کارێکی زانستییانە نەکراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی لە ڕێی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشکداربین بە بەشێک بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، بە دیاریکراوی لە ڕووی سەرچاوەی زانستییەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژینەوەکەمان بریتییە: لە هەردوو لایەنی تیۆریی و پراکتیکیی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی لە بۆچوونەکانی گۆستاف فرێیتاغ کراوە، چونکە لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە ئەو بونیادە درامییانەی نێو ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند" دیاری دەکەین و شییان دەکەینەوە لە ڕوانگەی گۆستاڤ فرێیتاغەوە.

**سنووری توێژینەوە:** وەک لە ناونیشانەکە ئاماژەی پێکراوە و جێگیرکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنووری ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"ی "شێرزاد حەسەن" دایە بە دیاریکراویش ڕەنگدانەوەی توخمە سەرەکیەکانی بونیادی درامی لە ڕۆمانی ئاماژە بۆکراو.

**بەرهەم و پرۆژە زانستییەکانی پێشوو:** لە بارەی بونیادی درامی لە چیرۆک و ڕۆماندا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستییانە و نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا نووسراون، لە سەر چیرۆک و ڕۆمانەکانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسیش چەندین کاری زانستییانە ئەنجامدراون، ئەویش بریتییە لەم کارانەی خوارەوە:-

1- ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز،(2012)، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی

موکریانی، هەولێر. توێژەر لەڕووی دەروونی و میتۆدی دەروونشیکارییەوە بەسوود وەرگرتن لە تیۆرەکانی فرۆید قسە لەسەر چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دەکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە 36 چیرۆک، بەشێوەیەکی ورد و داهێنەرانە لایەنی داهێنان و نوێکاری لە چیرۆکەکاندا دەخاتەڕوو.

2- ئەمین، معتصم حمد، (2012)، بنیات و توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کۆیە. کۆیە. توێژەر لە نامەکەیدا بەوردیی باس لە بنیات و توخمەکانی گێڕانەوە دەکات.

3- سەعید، ئازاد محەمەد، (2025) ، زیندەخەون لە کورتەڕۆمانی خەونی جاڵجاڵۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە "1"، بەرگی "8"، کۆیە. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر مەسەلەی خەون کردووە، کە وەک ڕەگەزێکی سەرەکی چالاکی کۆمەڵایەتی لەژیانی مرۆڤدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە باسکردنە لە ژیانی خێزانێک، کە تاڕادەیەکی زۆر باپەندن بە بەها و داب و نەلایتە کۆمەڵایەتییەکان، توێژەر ئەو خانەوادەیە وەکو کۆنەپارێز پیشان دەدات، کە چەندە ئایین زاڵە بەسەر خووڕەوشت و بیرکردنەوەکانیان.

4- فەرەج، سنوور، (2012)، تەکنیک لە کۆمەڵەچیرۆکی "گوڵی ڕەش"ی شێرزاد حەسەندا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی. تیایدا توێژەر باس لەو تەکنیک و بنەما هونەرییانە دەکات کە چیرۆکی لەسەر بنیات دەنرێت.

5- صالح، شوکر محمد، (2012)، ناوی تایبەتی و ئەزموون لە ڕۆمانی "تەمی سەرخەرەند"ی "شیرزاد حەسەن"کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر. لەم نامەیەدا توێژ، توێژینەوەکەی تایبەت کردووە بە بابەتی ناو لەڕووی جۆرەکانی ناو بەگشتی و ناوی تایبەتی و ئەزموون بەتایبەتی، چونکە لەم ڕۆمانەدا شێرزاد حەسەن، چەند ناوێکی تایبەت و واتاداری بۆ کەسایەتییەکان و کارەکتەرەکان بەکارهێناوە، توێژە هاتووە کاری لەسەر ئەو ناوانە کردووە

6- وسو، دڵدار عدو، (2025)، پرسیار وەک یەکێک لە بنەماکانی مەعریفە لەڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)ی شێرزاد حەسەندا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (8). تیایدا باس لە چەمکی پرسیارکردن دەکات لە ڕۆمانی ئاماژە بۆکراودا، بەوەی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە لەڕێی پرسیارکردنەوەی هەوڵی زانینی ئەو شتانەی داوە کە نەیزانیوە، بەتایبەتیش لەبارەی گەردوون و سروشت و کۆمەڵێک شتی تری تایبەت بە ڕابردووی مرڤ لە کۆندا لەگەڵ چارەنووسی مرۆڤ لەداهاتوودا.

7- بەرزنجی، عثمان عبدول، (2022)، ڕەنگدانەوەی کلتور لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی (7)، ژمارە (4)، توێژینەوەیەک توێژەر هەوڵیداوە مەسەلەی کولتوور بەسەرجەم وردەکارییەکانەوە بخاتەڕوو لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا.

## 2- ژانرەکانی دراما لەنێوان بۆچوونی گۆستاڤ فرێیتاغ و ئەرستۆ

بەشێوەیەکی گشتی دراما بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر دوو شێوەی سەرەکی مایەوە، ئەو دوو شێوەش بریتی بوو لە تراژیدیا و کۆمیدیا بەم شێوەیە

**2-1 تراژیدیا**: تراژیدیا لە زماندا لە وشەی یۆنانی (Tragoidia) وەرگیراوە کە بە واتای (گۆرانی بزن) دێت، لەڕووی ژانرەوە قاڵبێکی کۆنی درامیە، پێکهاتەی تراژیدیا بریتییە: لە هەردوو وشەی (Tragy) کە بە واتای بزن دێت، هەروەها (Ody)یش بە واتای گۆرانی دێت. (سیماداد، 1390، 124). هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بە نواندنەوە هەیەکە لە یۆنانی کۆندا، نواندنە تراژیدییەکان لە (پەرستگاکان) یان لە (بۆنە کولتوورییەکان) ئەنجام دەدرا، بزنیش وەک ئاژەڵی قوربانی، یان ئاماژەیەک بۆ پەیکەرە ئاینییەکان بەکاردەهێنرا، بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیەپێیوایە: بەهۆی جلوبەرگی نواندنەوە: ئەو ناوەی لێنراوە، چونکە لە کۆندا نواندنە تراژیدییەکان لە بەجلوبەرگی بزن ئەنجامدراوە، تراژیدیا یەکێکە لە سەرەتاییترین و گرنگترین جۆرەکانی دراما، کە تایبەتمەندە بە کۆتاییەکی ناخۆش و خەمبار و بۆ کەسایەتییە

سەرەکییەکەی (Hamilton, 2008,140). لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا زاراوەی (المأساة) بەرامبەر تراژیدیا بەکارهاتووە، لە دەقە کۆنەکانیشیاندا بە تایبەت لای شیکەرەوە کۆنەکانی ئەرستۆ زاراوەی (تراغودیا و تراقودیا) بەکارهاتووە، لە ئەدەبیاتی کوردیشدا زاراوەکانی وەک (مەرگەسات و کارەسات و تراژیدیا) بەکاردێت (عومەر، 2005، 95). بەڵام گۆستاف فرێیتاغ لەگەڵ ئەوەی بونیادی سەرەکی کاری درامی ڕوونکردەوە و پایەکانی دامەزراند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە شیکردنەوەی بۆ کۆمەڵێک چەمکی تر کرد و ژانرەکانی درامای ڕوونکردەوە.

**3-1- تراژیدیا: لای گۆستاف:** تراژیدیا بریتییە: لە سەرەتاییترین ژانر لە ژانرەکانی دراما، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە کارەکتەرێکی پێگەبەرز، وەکو (شاهزادە، پاڵەوانی ئەفسانەیی) کە لە ڕێگەی کەموکورپییەکەوە دەکەوێتە داڕمانەوە. بە واتایەکی تر کەسایەتییە سەرەکییەکەی دراما (پاڵەوان) بەهۆی بوونی ناتەواوییەک و کەموکورپییەکی وەک (بێ ئاگایی، یان لەخۆڕازیبوون) دەکەوێتە داڕمان و شکستەوە و دەبێتە هۆی لەناوچوونی، بەمەش دراماکە بە تراژیدیا کۆتایی دێت (Cordova, 2022, 145). هەروەها بۆچوونێکی تریش هەیە کە پێیوایە تراژیدیا بریتییە: لە زیاتر پاک بوونەوەی هەستەکان و بەهێزکردنیان، هەروەها ژانری تراژیدی ئارەزووی ئەوە دەکات خوێنەر بۆ هاوسەنگی ڕۆحی ببات. (زرقانی و صباغ، 1395، 271). بەپێی هەندێک توێژینەوە دەرکەوتووە تیۆرەکەی گۆستاڤ فرێیتاغ پشت بە ئەرستۆ و هیگڵ دەبەستێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نزکیەکی تەواو هەیە لە نێوان بۆچوونەکانی ئەرستۆ و گۆستاڤ بەتایبەتی لەبارەی بونیادی دراماییەوە. بەڵام ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێت کە ڕەچاوی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەبەرچاو ناگرێت، چونکە لیهمان (Lehmann) دەڵێت: (تیۆرەکەی فرێیتاغ بۆ درامای سەدەی نۆزدە گونجاوە، بەڵام بۆ سەدەی بیست و یەک گونجاو نییە و پێویستی بە تیۆرێکی ڕوون و ڕەوانتر هەیە) (Lehmann, 2006, 136).

**1-3- تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تراژیدیا لای گۆستاڤ :**

1- پاڵەوان (کارەکتەرە سەرەکی): کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە، بەڵام کەموکورپییەکی نهێنی هەیە، وەکو (ئۆدیپ) لە (ئۆیدیپ شا)ی سۆفۆکلیس، یان (هاملیت). لە شانۆگەری شێکسپیر.

2- فرێیتاغ بۆچوونی وایە کە ئامانج لە تراژیدیا ئەوەیە کە بینەر پەند وەربگرێت لە ڕێگەی ئازارەوە دواتر لەو ئازارە ڕزگاری دەبێت.

3- لە تراژیدادا :کێشە سەرەکییەکە گەورەتر دەبێت، کەسایەتییەکان ڕووبەڕووی ململانێ دەبنەوە، ئەمەش وا دەکات پێکهاتەی دراماکە بەرەو درێژبوونەوە بچێت، تاوەکو لە لووتکەی ڕووداوەکاندا گرێیەکە بکرێتەوە و چارەسەربێت.

4- لە تراژیدادا پلۆت خاڵی وەچەرخانە کە تێیدا کارەکتەری سەرەکی ڕووبەڕووی گەورەترین ململانێ دەبێتەوە و ناچاری دەکات بڕیارێکی گرنگ بدات، ئەمە ئەو خاڵەیەکە کە چیرۆکەکە ئاڕاستەی دەگۆڕێت و وا دەکات کارەکتەری سەرەکی و پاڵەوانی دراماکە ڕووبەڕووی ڕاستییەکان بێتەوە (Freytag, 1863, P 332).

بەڵام ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا پێناسەیەکی پوختی تراژیدیا دەکات و دەڵێت: (تراژیدیا لاساییکردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆوەیە و تەواو پێگەیشتووە، کە درێژییەکی دیاری هەیە و بەزمانێکی پاراو نووسراوەتەوە، کە چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە، بەجۆرێک ئەو بابەتانە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەریدا دەگونجێن، هەموو ئەمانەش بەشێوەی درامی نەک گێڕانەوە ئەنجام دەدرێت و ڕوداوی وای تێدایە کە بەزەیی و ترس دەورووژێنێت، بەمەش پاکبوونەوە لەو دوو سۆزە دێتە دی). (ئەرستۆ، 2005، 27).

ئەرستۆ لە (سەدەی چوارەمی) پێش زایین باسی لە تراژیدیا کردووە و تیشکی خستۆتە سەر کاریگەریی پاکبوونەوەی دەروون ،کە بریتییە لە پاککردنەوەی هەستە نەرێتییەکانی وەک ترس و بەزەیی لە ڕێگەی بینینی تراژیدیاکە. واتە ئەم دوو هەستەی مرۆڤ لەڕێگای بینینی تراژیدیاوە پاک دەبنەوە. جگە لەمانەش دەتوانین درامای تراژیدی بە چەند تایبتمەندییەک بناسینەوە لای ئەرستۆ، وەکو :-

- زۆرجار پاڵەوانەکە شەڕ دەکات لەگەڵ چارەنووسێک کە ناتوانێت لێی بباتەوە.
- تراژیدیا پاکردنەوەی لایەنی (سۆز و ترس)ی بینەرە لە ڕێگەی ئەزموونکردنی خەم و ناخۆشییەوە.
- کۆتایی شانۆگەرییەکە بەناڕەحەتییەوە کۆتایی دێت، بەمەش دەریدەخات کە مرۆڤ خاوەنی سنوورە لە بەرامبەر ئەو

هێزانەی کە لە ئاستی خۆی بەرزترن.
- ئەرستۆ لە ژانرەکانی دراما تەنیا تراژیدیای باسکردووە. (Christoffersen, 2021, P 102).

**1-4- بۆچوونی گۆستاڤ فرێیتاغ لەمەڕ ژانرەکانی تری دراما:**

1- کۆمیدیا (Comedy) بریتییە: لە باسکردن و خستەڕووی کێشەکان بە ڕێکارێکی ڕووناکبیری و گاڵتەجاڕییەوە، بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری ئەو کیشەیدا بگەڕێن، بەڵام کۆتاییدا بینەر و خوێنەر لەڕێگای کەسایەتییەکانەوە فێر دەبن و دەگەن بە ئەنجام. کە ئامانج لێی گاڵتەجاریی و ڕابواردن و پێکەنینە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بریتییە: لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، واتەڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگا، وەکو بەرهەمی (شەوی ١٢)ی شێکسپیر، کۆمیدیاکانی مۆلێر (Rasmussen, 2000, 180). دوای ئەمەش کردووە:-

2- درامای ڕۆمانسی (Romantic Drama): گۆستاڤ فرێیتاغ بەم شێوەیە باس لە درامای ڕۆمانسی دەکات و پێیوایە: بریتییە: لە تێکەڵەی هەردوو ژانری (تراژیدیا و کۆمیدیا)، کە کۆتاییەکەی ناڕوونە، هەموو کاتێک چێژبەخش نابێت، بەڵکو هەندێکجار ئازاربەخش دەبێت. کە ئامانج لێی نیشاندانی ڕاستییە ئاڵۆزەکانی ژیانە وەکو ڕۆمیۆ و جولێت (کە تێیدا تراژیدیا و خۆشەویستی تێکەڵ دەبێت) (Suneetha, 2006, 77).

فرێیتاغ لە تەوەرەی چوارەمی کتێبەکەیدا لە نێوان لاپەرە (112-120) باس لەم جیاوازییانە دەکات: (Gustav, 1863, 112-120).

| تایبەتمەندییەکان | تراژیدیا | کۆمیدیا | درامای ڕۆمانسی |
|---|---|---|---|
| ئاستی کەسایەتییەکان | کەسایەتی بەرزە وەکو (شا، یان خواوەند) | کەسایەتی وەکو بازرگان، خزمەتکار | هاووڵاتی ئاسایی |
| کێشە | نەگۆڕە و چارەسەری نیە | چارەسەر کراوە | ناڕوونە، هەر جارەو بە شێوازێکە |
| کاریگەریی | کاریگەری هەیە وەک ترس و بەزەیی | کاریگەرییەکەی پێکەنین و فێربوونە | کاریگەرییەکەی ناڕوونە |
| کۆتاییەکەی | شکست، یان مردن | دەگات بە ئەنجام | گۆڕانی بەسەردادێت |

بەڵام گۆستاڤ فرێیتاغ لە تەوەرەی پێنجەمی کتێبەکەیدا لە لاپەرە (145) ڕەخنەی توند لە
- درامای ڕیالیزم (Realism): دەگرێت بەوەی ئەوەندە گرنگی بە واقیع دەدات "کەمێک لە هونەر دوور دەکەوێتەوە"
- درامای ئازاد (Freie Dramatic): "بێ یاسا و پێکهاتەیە" واتە پەیڕەوی لە هیچ یاسایەک ناکات (Gustav, 1900, 145). لە کۆتاییدا جیاوازیی ژانرەکان لە ڕوانگەی گۆستاڤ فرێیتاغەوە بەمشێوەیەیە، چونکە فرێیتاغ باوەڕی وایە کە *ڕەگەزەکان پەیوەندییان بە کۆتاییەوە هەیە:
- تراژیدیا ← کۆتایی خراپ (بەڵام پڕ لە پەند).
- کۆمیدیا ← کۆتایی باش (بەڵام پڕ لە ڕەخنە).
- درامای ڕۆمانسی ← کۆتایی ناوەندی (تێکەڵەی هەردووکیان).

**3- بۆچوونەکانی "گۆستاڤ فرێیتاغ - Gustav Freytag" لەبارەی ڕەگەزە دراماییەکانەوە**

لە ساڵی "1863" زانای گوستاڤ فرێیتاغ توخمە سەرەکیەکانی درامای بڵاوکردەوە، فرێیتاغ لە کتێبی «تەکنیکی دراما (Die Technik des Dramas)، دراما وەک هونەرێکی سەربەخۆ دەبینێت کە ئامانجی سەرەکی بریتییە: ڕێکخستن

و گرنگیدان به هەستەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی کلاسیکی کۆنەوە کە ئەو پێیوایە کاتی گۆڕانکاریی و نوێبوونەوەی هاتووە، فرێیتاغ بەجۆرێک لەبارەی ئەم توخمە سەرەکیانەی دراماوە دواوە تەواو شێوەی هەڕەمی وەرگرتووە، چونکە (لەسەرەتادا ڕوونکردنەوە و باسکردنێکی سەرەتایی بۆ چەمکەکان کردووە، پاشان دەچێتە نێو هەندێک وردەکاریی، واتە قۆناغێک بەرزتر بووەتەوە لەچاو قۆناغی یەکەم، پاشان لە باسکردن و خستنەڕووی هەموو زانیارییەک لەبارەی ئەم چەمکانە گەیشتۆتە لووتکە و پاشان کردارەکانی کەوتن و کۆتایی) (Griffith, 2006, 8). واتە ئەو پێیوایە وەک دەتوانرێت وەک باڵەخانەیەک لە دراما ببینرێت، لەمەوە بۆی دەرکەوت کەوا بۆچوونەکانی لەمەڕ توخمە سەرەکیەکانی دراما، شێوەی هەڕەمی وەرگرتووە.

بەشێوەیەکی گشتی هەڕەمی فرێیتاغ تەکنیکێکی نوێ پێشکەش دەکات کە ڕێگە بە توێژەران دەدات بە شێوەیەکی بینراو و بیسراو شیکاری بکەن، بەتایبەتیش گێڕانەوەیەک بۆ ناسینەوەی ئەو دراما یان تراژیدیایەی کە لە چنیندا وردەکاری تێدا ئەنجامدراوە، ئەم بۆچوونەی فرێیتاغ تیۆری گێڕانەوەی ئەرستۆیە، چونکە ئەرستۆ تێبینی ئەوەی کردووە کە لە چیرۆک و ڕۆماندا سێ ئاستی پەیوەندیدار بە یەکەوە بوونیان هەیە ئەوانیش بریتیین: لە بە "سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) (Whitmarsh, 2011, 28). بە هەمان شێوە تۆدۆرۆڤیش دان بە سێ قۆناغ دادەنێت وەک پێکهاتەی گێڕانەوەیەکی سادە.

بەپێی بەشی سەرەتایی هەڕەمی فرێیتاغ بە (Exposition)ناوزەد کراوە کە حاڵەتێکە شوێنەکە (ژینگە، شوێن) دەگرێتەوە، پاشان دەچێتە ئاستی سەرووتر کە کارەکتەرەکان (سەرەکی و لاوەکی) دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا بابەتە سەرەکیەکان ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە و هەندێک ململانێ نێوان کارەکتەرەکان بەپێی ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان پەیدادەبێت) (Freytag, 1900,121). فرێیتاغ دراما وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤایەتی دەبینێت، نەک وەک هەڕەشەیەک بۆ کۆمەڵگە.

شێوەی هەڕەمی بۆچوونەکانی فرێیتاغ بەمشێوەیەی خوارەوەیە:-

D E

C F

B G

A H

A - پێشەکی

B- شوێنی یەکەم ساتەوەختی "وروژاندن"ی دراما

C- چڕبوونەوە

D - گەیشتن بە لوتکە

E - شوێنی دووەم ساتەوەختی "ڕوداوێک ڕوودەدات"


F - کەوتن یان نزمبوونەوە

G - شوێنی سێیەم ساتەوەختی "گرژیی کۆتایی" دراما

H – کۆتایی ڕوداوەکان (Mahamood, 2001, p 121).

A بریتییە: لە پێشەکی کە بەبۆچوونی فرێیتاغ لەناو درامادا تایبەتمەندیی "شوێن، کات، شوێنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، تیایدا بارودۆخ و ژیانی کارەکتەرەکە دەناسێنێت، یان ڕەفتارەکانی خودی کارەکتەرە لەسەرەتای دراماکە وەسف دەکات. هەروەها ڕیتم و باری دەروونی کارەکتەرەکانیش لەم بەشەدا دیاری دەکرێت، چونکە هەر لێرەدا نووسەر کارەکتەر و شوێنی کارەکتەر دیاریدەکات بەوەی کام کارەکتەر و شوێن زاڵ دەبن بەسەر کارەکتەرەکانی تر لەدرێژەی ڕەوتی گێڕانەوەی ڕوداوەکان) (Liddle, 2024, 415). واتە ڕوداوەکان لەسەرەتادا کارەکتەرەکە چالاک دەکات تاکو دەگاتە لوتکە "D " کە تیایدا بەرزترین خاڵی وەستانی ململانێیە، چونکە لێرەدا خوێنەر و بینەر کەمترینە دڵنیان لە ئەنجامەکەی،

چونکە لێرەدا ئەوانەی لە دەوروبەریانن خۆیان دەخزێننە ناو ڕوداوەکان. "H" کارەکتەری سەرەکی سەرەتا کاردانەوەی دەبێت بەرامبەر بە فشاری کارەکتەرەکانی تر، چونکە ململانێی‌ەکان دەگەنە لوتکەی دراماتیکی، چونکە کارەکتەر و ڕوداوەکانی تر پەلکێشی دەکەن بۆ نێو ڕوداوی تری پەیوەست بەگێڕانەوەی نووسەر. (Liddle, 2018, 415). بەڵام پێنج بەشەکەی تری دراما کە بریتیین: لە پێشەکی (A)، چڕکردنەوە (C)، لوتکە (D)، چنین(F) ، (H) کۆتایی ڕوداوەکان، تەواوی توخمەکان بەهۆی ململانێوە دەجوولێن، کارەکتەری سەرەکی لە هەوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی شتێک. ململانێ ئەوەیە کە لە نێوان کارەکتەرێک و ئامانجەکانیاندا وەستاوە. توخمەکانی پلۆت نوێنەرایەتی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو ململانێیە دەکەن.




. (Carson, 2005, 281)

کاتێک گۆستاف فرێیتاغ بەرهەمی "تەکنیکی دراما" (Die Technik des Dramas) دا، بڵاو کردەوە و ڕەگەزەکانی درامای دیاریکرد، ئەمە وایکرد کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر درامای کلاسیک هەبێت. (Bressummer, 2022, p 15). ئەو لەسەرەتای هەرەمەکەیدا زۆر بایەخی داوە بە:-

١- ڕێکککستن (Exposition): ناساندنی کەسایەتییەکان، شوێن و کات، و پێشەکیی بیرۆکەی دراماکە. واتە سەرەتا کارەکتەرەکان و شوێنەکانمان پیشاندەدات. سەرەڕای ئەوەش، نووسەر هەندێک زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو کارەکتەرانە دەخاتە ڕوو، لەوانەش پەیوەندی نێوانیان و دۆخەکانیان دەخاتەڕوو.

٢- هەڵکشانی ڕوداوەکان (Rising Action): پەیدابوونی کێشە و زیادبوونی پەستان. واتە ئەمە ئەو قۆناغەیە کە کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ ڕوداوەکان بەرەو پێشەوە دەچێت، لەوانەیە ڕووبەڕووی پاشەکشە و ئاڵۆزییەکی زۆر ببێتەوە. لێرەدا گرژییەکە دروست دەبێت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرنجی تیژ خوێنەر و بینەری بکەوێتە سەر، چونکە ڕۆڵی کارەکتەرەکان بەردەوامە لە گەشەکردن (Hamilton, 2023, 45).

٣- لووتکە (Climax): خاڵی گۆڕانکاریی سەرەکی، چونکە گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەم خاڵەدا گەیشتۆتە لووتکە. لوتکە ئەو شوێنەیە کە نۆرە - بە باش یان خراپ - بۆ کارەکتەرە سەرەکیەکە دێت، بەوەی تا ڕادەیەکی زۆر دیاری دەکات کە چیرۆکەکە چۆن کۆتایی دێت.

٤- داکشانەوەی ڕوداوەکان (Falling Action): ئەنجامی لووتکە و کەمبوونەوەی پەستان، واتە گێڕانەوەی ڕوداوەکان بچووک دەبێتەوە، ئەنجامی لوتکە لێرەدا دەردەکەوێت. گوستاف فرێیتاغ هەرەمەکەی بۆ ژانرەکانی دراما یان تراژیدیای واقیعی دروست کردووە.

٥ - چارەسەر (final - decision: کۆتایی و ڕێکخستنەوەی کێشەکان، یانیش گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی ,Bida). (2017, 45 ئەم خاڵە لای فرێیتاغ ئەو شوێنەیە کە شکستی کۆتایی ڕوودەدات. واتە فرێیتاغ زیاتر سەرنجی لەسەر تراژیدیا بوو. واتە ڕوداوی گێڕانەوە لە چیرۆکێکدا لە شێوەی هەرەمێکدا هەڵدەستێت و دەکەوێتە خوارەوە. ئینجا گەر سەرنج بدەینە بۆچوونی فرێیتاغ دەبینین بۆ فرێیتاگ، لوتکە خاڵی وەرچەرخانە نەک "ئەو ساتەی کە هەمووان چاوەڕێی

ئەنجامی ڕوداوەکەن" چونکە لە هەرەمی فرێیتاغدا، تراژیدیا کۆتایی ململانێی کارەکتەرە. سەرەڕای ئەوەی تیۆرەکەی فرێیتاغ بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر بڵاو بووەوە لە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵام ڕەخنەی ئەوەشی لێدەگیرێت کە پێویستی زانستی سەردەم لە ئێستادا ئەم تیۆرەی فرێیتاغ بۆ کاری درامی ئێستا ناگونجێت، بەڵکو تەنیا بۆ درامای کلاسیکی یۆنانی و کارەکانی شکسپیر گونجاوە.

## 4- بونیادی درامیی لە ڕوانگەی گۆستاڤ فرێتاغەوە

"گۆستاڤ فرێیتاغ" تێڕوانین و بۆچوونێکی دیاریکراوی هەبوو لەبارەی دراما و شانۆنامەنووسییەوە، کە بەشێکی گرنگی لە کارەکانی دەرکەوتووە. یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی، کتێبی "تەکنیکی دراما" (Die Technik des Dramas) ، کە لە ساڵی "١٨٦٣" نووسراوە، بە وردیی باس لە بنەماکانی دراما و پێکهاتەی شانۆنامە دەکات. هاوکات "گۆستاڤ فرێیتاغ" لە کتێبەکەیدا باس لە درامای نەتەوەیی ئەڵمانی دەکات و ڕەخنە لە درامای مۆدێرن دەگرێت، بەوەی خۆیان لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی دراما دزیوەتەوە و بە وردی پابەندی بنەماکانی دراما نابن، لەگەڵ ئەمانەشدا بۆچوونە سەرەکییەکانی فرێیتاغ لەبارەی دراما بریتیین: لەمانەی خوارەوە :-

1- کارەکتەر
2- ڕووداو
3- دیالۆگ
4- ململانێ
5- گرێچن
6- کات و شوێن

بەشێوەیەکی گشتی "گۆستاڤ فرێیتاخ" باوەڕی وایە کە کارەکتەر و ململانێی نێوان کارەکتەرەکان، پێکهاتەی هەرە سەرەکی درامایە. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو، ململانێ دەبێت لە ناوەوەی کەسایەتییەکان، یان لە نێوان کەسایەتییەکاندا هەبێت بۆ ئەوەی چیرۆکەکە و دراماکە سەرنجڕاکێش بێت، هەروەها "فرێیتاخ" گرنگی دەدات بە گەشەسەندنی کەسایەتییەکان لە دراما‌دا. بەپێی بۆچوونی ئەو، کەسایەتییەکان دەبێت لەگەڵ ڕووداوەکاندا گەشە بکەن و گۆڕانکارییان بەسەردابێت. بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونی "گۆستاڤ فرێتاغ" لەمەڕ توخمە سەرەکییەکانی چیرۆک و ڕۆمان بەم شێوەیەیە:

### 4-1- کارەکتەر لەڕوانگەی گۆستاڤ فرێتاغەوە

"گۆستاڤ فرێیتاغ" بەهۆی کتێبەکەی "تەکنیکی دراما" (Die Technik des Dramas) ناسراوە. ئەو لە بارەی کارەکتەرەوە بۆچوونێکی دیاریکراوی هەیە، ئەم بۆچوونەی کاریگەری زۆری لەسەر درامای کلاسیک و نوێ هەیە. "فرێیتاغ" (باوەڕی وایە کە کارەکتەرەکان پێویستە لەڕووی کۆمەڵایەتیی و مێژووییەوە لەگەڵ ڕووداوەکاندا خۆیان بگونجێن و پەیوەندییەکی ڕەوا و گونجاو لەگەڵ ڕووداوەکانی پێکهاتەی دراما‌دا هەبێت، لەهەمانکاتدا واپێویست دەکات کارەکتەرەکان "پەرەبسێنن" و گۆڕانکارییان تێدا ببینرێت بەپێی ڕووداوەکان) (Carson,2005, 176). واتە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکان ئەوانیش گەشە بکەن و بەرەوپێش بچن، بۆ ئەم مەبەستەش "گۆستاڤ فرێیاغ، ئەکتەر دابەش دەکاتە سەر پێنج قۆناغی جیا، ئەوانیش:-

ا- Introduction پێشەکی و ناساندن
ب- Rising Action هەڵکشانی ڕووداو
ج- Climax لوتکە
د- Falling Action داکشانەوەی ڕووداو
هـ - Catastrophe/Resolution) چارەسەر و گەیشتن بەخاڵی کۆتایی

بە بۆچوونی فرێیتاغ پێویستە کارەکتەرەکان لەم قۆناغانەدا گۆڕانکاریی بکەن: ئەویش بەم شێوەیە: ئەکتەری یەکەم

(Introduction): ناساندنی کارەکتەر و کێشە سەرەکییەکە، پاشان کارەکتەری دووەم (Rising Action): لێرەدا کارەکتەر ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و کێشە دەبێتەوە، ئینجا کارەکتەری سێیەم (Climax): کارەکتەر بەرەو ڕێگە چارەسەر کردن دەڕوات، کارەکتەری چوارەم (Falling Action):لێرەدا کاریگەرییەکانی هەڵبژاردەکانی کارەکتەر دەردەکەوێت، کارەکتەری پێنجەم (Resolution) بەدەردەکەوێت و ڕووداوەکان بەرەو کۆتاییەکی کۆمیدی، یان تراژیدی دەڕۆن) (Griffith, 2006, 28)گۆستاڤ هەر تەنیا ئەرکی کارەکتەری دیاری نەکردووە، بەڵکو جیاوازی نێوان کارەکتەرەی سەرەکی و لاوەکیشی دیاریکردووە، چونکە پێیوایە: دەبێت هەریەکەیان ڕۆڵێکی دیاریکراویان هەبێت لە پەرەسەندنی چیرۆک و ڕۆماندا. پێیوایە: پێویستە کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی دیالێکتیکی دروست بکرێن، واتە پێویستە ململانێ و پێکدادانەکانی نێوانیان بەهۆی خەسڵەتەکانی خۆیانەوە بێت، نەک بەهۆی ڕووداوە دەرەکییەکان. "فرێیتاغ" پێیوایە: گەشەسەندنی کارەکتەر دەبێت لەناو قۆناغی "Climax" ڕوودەدات. بۆ نموونە، لە تراژیدیای "شکسپیر"دا زۆرجار کارەکتەرەکان خەسڵەتە خراپەکانیان دەبنە هۆی ڕووخانیان وەک "ماکبێس"(Freytag, 1900, 131) .

جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕوانگەی فرێیتاغدا

فرێیتاغ جیاوازی لەنێوان ئەم جۆرە کارەکتەرانە دەکات :

- کارەکتەری Dynamic (گۆڕاو): کەسایەتییەکە کە لە کۆتایی چیرۆکدا گۆڕانکارییەکی ڕەوشتی، یان دەروونیی ئەزموون دەکات وەک "هاملێت".
- کارەکتەری Static (نەگۆڕ): کەسایەتییەک کە کۆتایی چیرۆک بە هەمان شێوە دەست پێدەکات و کۆتایی پێدێت (وەک کەسانی لاوەکی) .
- کارەکتەری Tragic (تراژیدی): کەسایەتییەک کە لەناو کێشەیەکی ناوەکیدا دەکەوێت وەک "ئۆدیپ" ( Mitchell, 1996, 75).

## 4 – 1 – 1 - کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"

دابەشکردنی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە لەناو ڕۆماندا بەپێی زۆری ڕێژەی بەشداریکردنی کارەکتەر لەناو ڕووداوەکان، یاخود بەواتایەکی دیکە بەهۆی دوور و نزیکی کارەکتەر لە ڕووداوەکان دیاری دەکرێت، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ (خودی ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە بەوەی ئەرک و ڕۆڵێکی زیاتر دەخاتە سەرشانی بەشێک لە کارەکتەرەکان بۆ بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان، کەواتە هۆکاری سەرەکی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا بۆ بەهێزی جووڵانەوەی ئامادەبوونی بەردەوامی لەناو ڕووداوەکان یان بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێین بۆ زۆری ڕێژەی بەشداربوونی لەناو ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە بەوەی ڕووبەرێکی فراوان داگیر دەکات) (مەنتک، 2013، 159-160).

بەجۆرێک لەسەرەتای دەسپێکی ڕووداوەکان تاکو کۆتایی ڕووداوەکان ئامادەیی هەیەو، دواتر ئەنجامی ئەم ڕێژە زۆرەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە کارەکتەر کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر ڕووداوەکانەوە هەبێت بەجۆرێک دروستبوون و بەرەوپێشچوون و یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکان لەسەر دەستی ئەمجۆرە کارەکتەرە ئەنجامبدرێت، لەناو ڕۆماندا (زیاتر لە کارەکتەرێکی سەرەکی بوونی هەیە، بەڵام لەناو ئەوانیشدا ڕوداو و گێڕانەوەکان زیاتر پێوەندیی بەکارەکتەرێکەوە هەیە ئەمجۆرە کارەکتەرەش پێیدەووترێت شاکەس) (فایر، 1988، 75). هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ڕوداو و بابەتەی ڕۆماننووسەکە پێشکەشی دەکات زیاتر پێوەندی بەمجۆرە کارەکتەرەوە هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەراورد بەکارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکەی ناو ڕۆمان لەسەر ئاستی تێکستی ڕوداودا بوون و ئامادەبوونێکی زیاتری هەبێت و زیاتریش کێشە و ململانێیەکانی ناو ڕۆمانەکە ڕووبەڕووی ئەمجۆرە کارەکتەرە ببێتەوە،

لەهەمان کاتیشدا ئەرک و ڕۆڵێکی زیاتریان لەچاو کارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکە بکەوێتە سەرشان بۆ بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان بەمەش ڕۆڵ و کاریگەریی (شاکەس) بەسەر ڕووداوەکان لە هەموو کارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکە زیاتر دەبێت (بەجۆرێک خولگەو چەقی ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمان بەسەرەکی و لاوەکی بەدەوری ئەودا بخولێنەوە، لەلایەکی دیکەوە شاکەس بەهۆی زۆری ڕێژەی بەشداریکردنی لەناو

ڕووداوەکاندا کاریگەریی بەسەر خوێنەریش دەبێت بەوەی لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا زیاتر بەدواداچوون بۆ چارەنووسی ئەو بکات لەچاو کارەکتەرەکانی دیکە، هەروەها بەهۆی ئەو کاریگەرییە زۆرەی لەناو ڕۆماندا هەیەتی ڕۆماننووسیش ناچار دەکات بەوەی ئەو بیرو ناوەڕۆکەی لە ڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە دەیەوێ بیگوازێتەوە بۆ خوێنەر زیاتر بیخاتە سەر شانی ئەمجۆرە کارەکتەرە) (صادقی، 1388، 95). لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس بەشێکی زۆری گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لەسەر زاری کارەکتەری "فەرهاد" کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە دەگێڕێتەوە، جگە لەمەش لەم ڕۆمانەدا چەندین کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی لەخۆگرتووە، کە هەر یەکەیان ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوێک، یان چەند ڕووداوێک لەئەستۆ دەگرن، کارەکتەرەکانیش بەم شێوەیەن:-

| ژ | جۆری کارەکتەرەکان | ناوی کارەکتەرەکان |
|---|---|---|
| 1 | **کارەکتەری سەرەکی** | **فەرها، شیرین** |
| | **کارەکتەری لاوەکی** | **- ئەو کارەکتەرانەی هیچ دەرکەوتنێکیان نییە:** لەعلی خان، خاپیرۆز، خانا شێخە بەگی، پلکە کامیلا، پلکە هەیاس، عەیشێ خان، دوڕێ خان، حەلیمە خان<br>**- ئەو کارەکتەرانەی یەک دەرکەوتنیان هەیە:** سەپانی هاوڕێی فەرهاد، خدر مالآت.<br>**- ئەو کارەکتەرانەی دوو دەرکەوتنیان هەیە:** زرار، مامۆستا یونس. |
| | **کارەکتەری پەرەسێن** | نەنێ |
| 3 | **کارەکتەری پەرەنەسێن** | مامۆستا عوسمانی ماتماتیک ، سیامەندی ئامۆزای فەرهاد |

### 4-1-1-1- فەرهاد

یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەم ڕۆمانە، لە ئاستی ڕووداوەکاندا شوێنێکی زۆری لە نێوە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە داگیرکردووە، چونکە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تاکۆتایی ئامادەیی لەنێو ڕووداوەکاندا هەیە، ئەم ئامادەبوونەشی بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆڵێکی زۆر و کاریگەری هەبێت لەبەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان، بەجۆرێک بەهۆی ئەم ڕۆڵەوە وایکردووە ببێتە خولگە و چەقی ڕووداوەکان و هەموو کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکیەکانی نێو ڕۆمانەکە بەدەورە ئەودا بخولێنەوە، تەنانەت لەسەر ئاسی تێکستیشدا یەکێکە لەو کارەکتەرانەی شوێنێکی زۆری لەنێو ڕۆمانەکە داگیرکردووە، ڕاستی ئەم قسەیەشمان ئەوە لە یەکەم لاپەڕەی نێو ڕۆمانەکە تاکو دوا دێڕ، هەر خودی "فەرهاد" بوونی هەیە و گێڕەرەوە لەسەر زاری ئەو کۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، نووسەر ڕۆمانەکەی لە دوو وەرزدا (بەهار و زستان)دا دەگێڕێتەوە، دەبینین کارەکتەری "فەرهاد" لە هەردوو وەرزەکەدا بوونی هەیە، فەرهاد شوانی گوندەکەی خۆیان بوو، لە هەمانکاتدا قوتابیش بوو، ئەمە وایکرددوە کە سەرجەم ڕووداوەکان هەم لە سروشتدابێت، هەمیش لە قوتابخانە، تەنانەت دەستپێکی ڕۆمانەکە و کۆتایی هاتنیشی هەر لەنێو شوێنێکی کراوەی وەک سروستدا دەبێت، ئەنجامی ئەوەش بووتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی ڕووداو و ئاستی تێکست ئامادەبوونێکی دیار و بەرچاوی هەبێت لەچاو کارەکتەرەکانی تر، بەتایبەتی هەردوو کارەکتەری سەرەکی (شیرین و نەنێ)، چونکە ئەم دووکارەکتەرەش سەرەکین، بەڵام دەرکەوتن و بوونی "فەرهاد" زیاترە و لە کۆتاییشدا پەرسەنگی زیاتر بەلای "فەرهاد"دا یەکلایی بۆتەوە، بەهۆی ئەم ڕۆڵە گرنگ و کاریگەرەی "فەرهاد" کە هەیەتە، وای لە نووسەر کردووە بەشێوەیەکی ئاشکرا بیرۆکەی ڕۆمانەکەی لەسەر زاری "فەرهاد"دا بگێڕیتەوە، چونکە "فەرهاد" دەڵێت: (هەر دوای گەڕانەوەم لە غەریبی، لەپاش کۆچ و سەر هەڵگرتنی چەندەها ساڵ، وێڵبوونم دەنێو شاخ و کێوان، دەربەدەریم دەنێو گوند و شاران، چەشتنی گەرما و سەرما... تاکە خەونێکم ئەوە بوو ڕۆژێک بێت و بۆم برەخسێت بگەڕێمەوە مەڵبەندی منداڵی) (حەسەن، 2017، 7). دەستپێکی

ڕۆمانی ((تەمی سەر خەرەند)) بەمە دەستپێدەکات و ڕۆڵی فەرهادیش لێرەوە دەستدەکات بەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بە (شاکەس)ی نێو ڕۆمانەکە هەژماری بکەین، بنەماڵەی "فەرهاد" گوندنشین و خەریکی ئاژەڵداری و کاری کشتوکاڵی بوون، بەشی زۆری ژیانی "فەرهاد" لێدان و دارکاریی بوو، لەلایەن باوکی و مامۆستا (عوسمانی ماتماتیک)ەوە، چونکە نەیدەتوانی خشتەی لێکدانی ژمارەکان لەبەر بکات، نەیدەتوانی سوورەتی فاتیحە، سروودەکان و کۆکردنەوە لێدەرکردنی ژمارەکان لەبەربکات، لەکاری شوانکارەییش هەرجارێک بزنێک، یان مەڕێک لە خەرەند هەڵدێرابا، یان گوورگ بیخواردبا، بەهۆکاری لەبیرکردن، یان خەو بردنەوە، یان هۆکارێکی تر، ئەوا بەشی "فەرهاد" دەبووە دارکاریی و بەستنەوەی بەدار (چنار)ە گەورەکەی حەوشەی ماڵەوەیان.

بەڵام "فەرهاد" لەگەڵ هەموو ئەم لێدان و دارکارییەی کە بەشێکی زۆری ژیانی داگیرکردووە، دەبینین عەشقێکی خاوێنی هەڵبژاردبوو، تەنانەت پشتی لە سێکس کردبوو، لەبەرمانەوەی پاکیزەیی، وێڕای چەرمەسەرییەکانی بەدەستی باوکییەوە، ئەو کەسێکی هێور و ژیربوو. هەروەها کاتێک خوێنەر ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە لەسەرەتادا وا هەست دەکات کە ئەم ڕۆمانە تەنیا لە یەک کارەکتەر پێکهاتووە، ئەویش "فەرهاد"ە، چونکە هەرخۆی گێڕەرەوەی ڕووداوەکان و کارەکتەری سەرەکیشە، جگە لەوەش دەرکەوتن و ئامادەیی لە زۆرینەی دەقەکانی نێو ڕۆمانەکەدا هەیە. لەبارەی کارەکتەری سەرەکی (ئیبراهیم یونسی) دەڵێت: (هەر چیرۆک و ڕۆمانێکی باش بخوێنینەوە، دەبینین لە کارەکتەرێکی سەرەکی زیاتری تێدا نییە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە هەموو زنجیرە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەنێوان دوو کارەکتەردایە و هەردووکیان کاریگەری زۆریان لەسەر ڕۆمانەکە هەیە، بەڵام کاریگەری یەکێکیان زیاترە). (فەرەج، 2012، ل 11). لە ڕۆمانی ((تەمی سەر خەرەند))یش بەهەمانشێوەیە جگە لە کارەکتەری "فەرهاد"، هەردوو کارەکتەری (شیرین و نەنێ) وەکو دوو کارەکتەری دیکە سەرەکی زۆرتریان دەرکەوتن و ئامادەییان هەیە لەدوای "فەرهاد"، بەڵام کاریگەریی "فەرهاد" زۆر زیاترە، ئەوەتا "فەرهاد"دەڵێت:

بەشەرمی منداڵێکی دەرۆزەکەرەوە، پێم دەوت: چۆنیت ؟

بەترس و شەرمێکەوە لەو ڕۆحلەبەرە زۆر تەنکەوە شپرزەی دەکردم و دەیگووت: (وی فەرهاد دەبرۆ بەولاوە، دایکە دەڵێت: لە کوڕان نزیک نەبیتەوە، بەڵام هەرزوو ئامۆژگارییە پووچەکانی دایکەی بیردە چۆوە و دەستی دەگرتم، من هیچم نەدەویستن جگە لە گەمەکردن لەگەڵ ئەو پەریزادەیەی کە لە یەکێک لە داستانەکانی نەنکمدا باڵەکانی خۆی لەیادچووبێت) (حەسەن، 2017، 29). بەشی هەرەزۆری بەرکەوتنەکانی "فەرهاد"، لەگەڵ شیرین و نەنکی دایە، هەموو ئەوەی بەسەر "فەرهاد"یشدا دێت بەهۆی گێڕانەوەی داستانەکانی نەنێ بووە، چونکە نەنێ هەر لەسەرەتای منداڵیەوە "فەرهاد"ی لای خۆی نوواندووە و تاکو خەوی لێکەوتووە داستانی "شیرین و فەرهاد"ی بۆ دەگێڕایەوە، ئەویش لەژێر کاریگەری ئەو داستانانەوە خۆی لێ ببوە فەرهاد و وای دادەنا ڕۆژێک بێت و کێوی بیستوون لە پێناو شیرینەکەی خۆی کون بکات و بۆ هەمووان بیسەلمێنێت، کە ئەویش هیچی کەمتر نییە لە فەرهادی نێو داستانەکان. "فەرهاد" وەکو مرۆڤ دوای ئاژەڵ دەکەوت و خۆیان دەدایە دەست تووله ڕێ و کوێرە ڕێگاکان، چونکە بەردەوام وا بیری دەکردەوە تا بە ڕاستەڕێدا بڕوات، هیچ نابینێت، هیچ نابیستێت، هیچ تام ناکەن و هیچیش فێرنابن، بەپێچەوانەی "فەرهاد" وای بۆ چوو بوو کە ئەو ڕاستە ڕێیەی هەموو ئاوایی: بە ژن و منداڵەوە، بە پیر و گەنجەوە بە مەزن و منداڵەوە پێیدا دەڕۆن پڕە لە قەرسەقول و پشقل و تەپاڵە و تەپکەڕیخ و گووی سەگ، پڕە لە تف و بەڵغەم و بۆنی میزی مانگا و مەڕ و بزن و کەرەکان کە مرۆڤ کوێر دەکات و تا هیچ نەبینێت و هیچ بۆن نەکات. "فەرهاد" دەیویست لە نەریتە باوەکانی ئاواییەکەی خۆی لابدات، پابەندی ئامۆژگارییەکانی نەنێ و باوکی مامۆستاکانی نەبێت، تەنیا بۆ ئەوەی شتێکی نوێ تاقیبکاتەوە و شتێکی نوێ فێرببێت و بەدەستی بهێنێت، بۆ لەبیرکردنی شەق و پێلەقەکانی باوکی مامۆستاکانی قوتابخانەی. بەڵام ئەو توولەڕێیانە تەنیا بە زیان بۆ "فەرهاد دەشکایەوە، چونکە (ساڵ نەدەسووڕایەوە، مەڕێکی دیکە بزر کرد، دزییان، گورگ خواردی، هەڵدێرا، نازانم) (حەسەن، 2017، 97). لەسەر ئەوگوناهە هەفتەیەکی تر زیندانی دەکرێتەوە، فەرهاد بەردەوام ژیانی بەمشێوەیە بوو تاکو دواجار لەبەر قسەی دەرو دراوسێ لە شوانایەتی دووری دەخەنەوە و دەیخەنە قوتابخانەوە، لەوێش کاتێک لە هیچ بابەتێک دەرناچێت و لە هەموو بابەتەکان دەکەوێت، دووبارە لێدان و زیندانی کردن

دەستپێدەکاتەوە، تاکو دواجار باوکی بڕیار دەدات لەگەڵ هەندێک لە خزمانی کە بە ئاواییەکەی ئەواندا تێپەڕدەبن و بەرەو کوێستان دەڕۆن، هاوشان لەگەڵ "نەنێ" سەفەر دەکەن و ناگەڕێنەوە.

**4-1-2-1- شیرین** لەدوای هەریەک لە "فەرهاد" و "نەنێ" کارەکتەری "شیرین" زۆرترین دەرکەوتن و ئامادەبوونی هەیە لە ڕۆمانی "(تەمی سەر خەرەند)"، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کارەکتەری "نەنێ" وەکو نێوەندگیر لەنێوان "فەرهاد" و "شیرین" دەردەکەوێت، چونکە هۆکاری وابەستەبوونی "فەرهاد" بۆ داستان و حیکایەتەکانی "نەنێ" دەگەڕێتەوە، باوکی "شیرین" هاوشێوەی خەڵکی ئاواییەکەی خۆیان وابەستەن بە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، چونکە تەنیا لەسەر یەک چاک و چۆنی خوشکی گەورەی "شیرین" لەگەڵ کوڕێکی ئاواییەکەیان، باوکی لە خەرەندەوە هەڵدێرایەوە خوارەوە، ئەمەش وا لە "فەلاهاد" دەکات هەمیشە ئاگاداری پەیوەندییەکەی نێوان خۆی و "شیرین" بێت، نەبادا "شیرین"یش بە دەردی خوشکی گەورەی بچێت.

حیکایەتخوان بۆمان دەگێڕێتەوە بەوەی، کە هاوپۆلەکانم بە "فەرەفیشاڵ" ناوزەندیان دەکردم، بەغەزەبی کەسێکی ڕاستگۆوە دەموت: (ئەگەر غیرەتتان هەیە، ئەم نیوەڕۆیە وەرن دوای من و بزنەبۆر بکەون) (حەسەن، 67،2017). "فەرهاد" خۆی باش دەیزانی کە لەماڵ و لە مکتەب و لە ئاواییەکەش کەس بڕوای پێناکات، تاکە کەسێک کە بڕوا بە "فەرهاد" بکات "شیرین"ە، بۆیە "شیرین"یش بە دزییەوە پێی دەوت (ڕۆژێک دێم و دەکەوینە دوای بزنە شێت... خەم بەوە مندالانە مەخۆ کە بە درۆزنت دەزانن) (حەسەن، 2017، 67). شیرین خۆی بەسەرەژن دادەنا، بەچاو و دەم و دەست دەدوا، پەرچەمی جوان براوی سەر نێوچاوانی، چاوی ڕەش، ڕەشتاڵەیی ڕووخساری و هەردوو باسک و مەلەکی، چوار پەلی کورت و تووکنی، فیز و هەواکەی، جورئەتی لەڕادەبەدەری، بزێوترین و ژیکەلانەترین کچە پۆلەکە بوو، کاتێک "فەرهاد" پێی دەوت لە بزنە شێتی من دەچی، ئەویش بە مەکرەوە دەخەنییەوە و دەیوت: (دە بمبە کن بزنەکەت... با ببینم) (حەسەن، 2017، 68). بەڵام "فەرهاد" نەیدەوێرا، چونکە دایکی هەمیشە پێی دەوت نابێ ئەوەندە کچانی بێت و کیژی دەرودراوسێ مەخەرە دوای خۆتەوە بۆ ناو ئەو شاخ و داخانە، بەڵام ڕۆژێک "شیرین"(بە بیانووی کەنگرکردنەوە دەچێتە لای"فەرهاد") (حەسەن، 2017، 68). بۆ گەڕان بە قوولایی خەرەند و دەستخستنە نێو شانەی هەنگ و بۆلای ئەو تووترکەی کە لە ژێریدا شلیکە خوێناوییەکان خۆیان حەشاردابوو، بەڵام هەر زوو "نەنێ" ئاگاداری دەکاتەوە بەوەی کە (باوکی "شیرین" پێبزانێت، بەیەک ساچمە سەرت هەڵدەگرێت... خۆشت دەزانی چ پیاوێکی دڵڕەقە) (حەسەن/ 2017، 69). بەڵێ "نەنێ ڕاستی دەکرد، چونکە هەمووان چیرۆکی جەرگبڕی خوشکەکەی "شیرین"نمان دەزانی کە چۆن باوکی هەڵیداوەتە ناو خەرەند و کەس لاشەکەی نەدۆزیوەتەوە، تەنیا تاوانی ئەو خوشکە ئەوە بوو لەسەربان لەوەختی هەڵخستنی جل بە تەنافەوە چاک و چۆنی لەگەڵ کوڕە دراوسێکەیاندا کردووە.

"شیرین" و "فەرهاد" هاپۆلی یەک بوون، هەموو بەیانییەک زووتر لە قوتابییەکان دەهاتنە قوتابخانە، بۆ ئەوەی یەکتر ببینن و ڕازو نیاز بکەن دوور لەچاوی قوتابییەکان و مامۆستا عوسمانی ماتماتیک، "شیرین" زۆر هەوڵی دەدا تاکو خشتەی لێکدان بە "فەرهاد" ئەزبەر بکات، بەترس و قەهرێکەوە فسەزمانانە دەیوت: (واز لە بزنەشێت بینە ... خشتەی لێکدانەکە ئەزبەربکە) (حەسەن، 2017، 79). هەرجارێک خشتەی لێکدانەکەی بۆ مامۆستاعوسمان نەوتبا، بە دار حەیزەرانەکەی هەردوو ناو لەپی سوور دەکردەوە، "شیرین"یش فرمێسک دەزایە نێو هەردوو چاوە ڕەشەکانییەوە، "فەرهاد" خۆیشی دەیزانی کە چەند تەمبەڵە، چونکە نە سروودەکان، نە خشتەی لێکدانەکە، نە فاتیحەکەی بۆ ئەزبەر نەکرا، جگە لە "شیرین"یش هەموو دونیا پێی دەوت تەمبەڵی تەوەزەل.

ڕۆژێک هەردووکیان زووتر دەچنە قوتابخانە، "فەرهاد" دەست دەکات بە قسەکردن و هگێڕانەوە ڕاز و نیازی دڵی خۆی بە درۆ و ڕاستییەوە، "شیرین" بەدەم سەماکردنەوەی دەڵێت: وایە وایە، تاکو "شیرین" زیاتر سەمای دەکرد، ئەویش زیاتر درۆ و ڕاستی تێکەڵ دەکرد، "شیۆین" بەردەوام دەبێت لە سەماکردن و کراسەکەی بازنەی هەوای خۆشی دروست دەکرد و "فەرهاد"یش هەوڵیدەدا تەنیا شوێنێکی جەستەی "شیرین" ببینێت، بەڵام هەم دەترسا، هەمیش شەرمی دەکرد، لەبەرئەوە "شیرین" زوو زوو دەیوت: (ئەوە چیە ؟ داوەشێیت... نایکەم... چاو هەڵبڕە، هەڵنابڕم، سەرمابردەڵەو غەمگینانە دەموت: "شیرین... سەما بەسە وەرە دانیشە... دانەنیشت) (حەسەن، 2017، 94). "فەرهاد" ئەم بەسەرهاتە بۆ "نەنێ"

دەگێڕێتەوە، بەڵام "نەنێ" غەمباری دەکات و پێی دەڵێت: (واز لە "شیرین" بێنە، ئەم "شیرین"ە شوو دەکات و تۆش هەر شوانی بەرخەلی) (حەسەن، 2017، 95).

"نەنێ" هەمیشە هەڕەشەی ئەوە لە "فەرهاد" دەکرد کە ئەگەر بێت و مەڕێک، یان بزنێکی دیکەی لێ هەڵدێرێ، یان گورگ بیخوات، باوکە هەڵیدەواسێت، تەنانەت سوێندی دا بە هەرچی پیرۆزیی و ئەسحابە و چی ئەولیا هەیە چیدیکە شەوانە حیکایەت و داستانی بۆ ناگێڕێتەوە ئەگەر ئەوەندە کەیفخۆش و کەممارێفەت بێت و خۆی بە (لاس و مەم، یان سیامەند و فەرهاد) بزانێت، دواجا پێشبینییەکەی "نەنێ" دێتە دی و دوای چەند ڕۆژێک لە مردنی بزنەشیت، بەیانییەکی زوو وەک هەموو جارەکانی تر پێش قوتابیەکان دەچنە قوتابخانە و (سەری خۆم لەسەر ڕانی "شیرین" دادەنێم و وەک دوو مەلی غەمگین و باڵشکاو، وەک دوو منداڵی دەرکراو لە دونیادا، وەک دوو کەروێشکی ترسنۆک، بێئاگا لەخۆمان، کتوپڕ مامۆستا عوسمان و دەرگاوانی بەڕێوەبەر، بەهاتوهاوار پۆلەکەیان پڕکرد، بەیەکەوە هێدمە گرتبووین و ڕاچڵەکین، مامۆستا عوسمان بەم دیمەنەی من و "شیرین" شێتبوو ... هەر بەشەق تا ژوورەکەی بەڕێوەبەر بردمی، بێئاگا لەخۆم شەقێکی بەر گونم کەوت، وەها بە زەبر و کوشندە بوو کووڕی کردمەوە، قیامەتم بەچاوی خۆم بینی، ئەو ڕایدەکێشام من گەلا و گەڵ بەدوایدا دەخشیم) (حەسەن، 2017، 128). ئەمە دوا دیدار و دوا بینینی نێوان "فەرهاد" و "شیرین" دەبێت، چونکە مامۆستا عوسمانی ماتماتیک لەسەر ئەو دیمەنەی کە بەچاوی خۆی بینی، دارکارییەکی باشی "فەرهاد" دەکات، پاشان بەڕێوەبەری قوتابخانەش دێت ئەویش کاری مامۆستا عوسمان تەواو دەکات، بە بۆکس ناو دەمی پڕ خوێن دەکات، پاشان هاوار بە دەرگاوانەکە دەکات و دەڵێت: (ئا برۆ ... ئەو دەڵەقۆڕی عەیبارە لێرە نەمێنێت و بیبەوە ماڵی باوکە گەوادەکەی) (حەسەن، 2017، 130). لێروە جارێکی تر "فەرهاد" و "شیرین" یەکتر نابیننەوە، دوای چەند ڕۆژێک "فەرهاد" خۆی لەژێر لێفەیەکی قورسدا دەبینێتەوە و نەخۆش دەکەوێت، خۆشییەکەی درێژ دەکێشێت و چاک نابێتەوە. تاکو ئەوەی باوکی بڕیار دەدات هاوشان لەگەڵ خزمانی خۆی کە بەرەو کوێستانەکان کۆچ دەکەن، لەگەڵ "نەنێ" بەیەکەوە دەڕۆن.

### 2-1-4 – کارەکتەری لاوەکی لە ڕۆمانی تەمی سەر خەرەند

هۆکاری بوونی ئەکتەری لاوەکی لەناو ڕۆماندا بۆ کەمی ڕێژەی بەشداریکردنیان لەناو ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە بەوەی ڕووبەرێکی کەم لەناو ڕووداوەکاندا داگیردەکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆڵیان لەناو ڕۆماندا دەبێت بەوەی کاریگەرییەکی کەمیان لەسەر ڕووداوەکان و بەرەوپێشچوونیاندا دەبێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت بوونی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا گرنگ و پێویست نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هیچ ڕۆماننووسێک ناتوانێت بەبێ بوونی ئەمجۆرە کارەکتەرە ڕۆمان بنووسێتەوە، چونکە (کارەکتەری لاوەکی پلە بە پلە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی دەڕوات. بەپێی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە هاوکاری و بەشداری پرۆسەی گێڕانەوە دەکات، بۆیە کارەکتەری لاوەکی تەواوکاری کارەکتەری سەرەکیە) (مجید، 2023، 33). بەشێوەیەک هەمیشە لەخزمەتی کارەکتەری سەرەکی دایە، لەبەرئەوەی لەلایەک مرۆڤ لە ژیاندا ناتوانێت بەتەنیا و بەبێ بوونی پێوەندی لەگەڵ خەڵکانی دیکە بژیت، ئەوا بەهەمان شێوە لەناو ڕۆمانیشدا کارەکتەری سەرەکی بەبێ بوونی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بەتەواوەتی بەرجەستە بکات تەنانەت سیفەتی ڕەفتارەکانیشی ناگاتە ئاستی دیاریکراو بەبێ بوون و یارمەتی کارەکتەری لاوەکی، چونکە لەلایەک بیرۆکە و ناوەڕۆکی ڕۆمان لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییەی نێوان کارەکتەرەکاندا دروست دەبێت، لەلایەکی دیکەوە دروستبوون و بەرەوپێشچوون و یەکلاییبوونەوەی ڕووداوەکان لەناو ڕۆماندا لە ڕێگای پێوەندی نێوان کارەکتەرەکان دروست دەبێت چونکە (ڕۆشنایی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەوان) (حاجی، 2009، 174).

هەروەها کارەکتەری لاوەکی لەناو ڕۆماندا کۆمەڵێک ڕۆڵ و ئەرکی گرنگ دەگێڕێت کە بەهۆی ئەم ڕۆڵ و ئەرکانەوە دەتوانێت قەرەبووی ئەم بەشدارییە کەمەی ناو ڕووداوەکان بکاتەوە، بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین: بەهۆی ئەو ئەرک و ڕۆڵانەی لەناو ڕۆماندا ئەنجامیدەدات دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت بەتایبەتیش لە دروستبوون و پیشاندانی بنیاتی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا

(ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی شاراوەی کارەکتەری سەرەکی، وەکو ڕۆشنایی خستەسەر لایەنە نادیارەکانی، یاخود ببێتە پارێزەری نهێنییەکانی، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەوە بەهۆی کارەکتەری لاوەکییە، دەتوانین لە کارەکتەری سەرەکی بگەین) (نجم، 1963، 103). گرنگی ئەم بۆچوونەش (لەوەدا دەردەکەوێت کە کارەکتەری سەرەکی لەناو ڕۆماندا لە ئەنجامی لێکدانی نێوان واقیع و کارەکتەری لاوەکی بنیات دەنرێت و دروست دەبێت) (سلامە، 2007، 76).

لە (ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند)، چەندین کارەکتەری لاوەکی بوونیان هەیە، تەنانەت هەندێکیان تەنها ناویان هەیە بێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێک ببینن، یان بەژداری کردنیان هەبێت، لەوانەش (پلکە زولیخا، دایکی فەرهاد، باوکی فەرهاد، سیامەندی ئامۆزای فەرهاد، کۆمەڵێک خەڵکی تری ئاوایی وەکو: (لەعلی خان، خاپیرۆز، خانا شێخە بەگی، پلکە هەیاس، پلکە کامیلا، عەیشێ خان، دوڕێ خان، حەلیمە)

**– لەعلی خان:** ژنێکی مەند و لەسەرخۆ، شایەر و بەندبێژ، لاواندنەوەی لەسەر مردووەکان بەردی دەتواندەوە.

**– خاپیرۆز:** وەک پیاوان تەزبیحی با دەدا.

**– خانا شێخە بەگی:** هەرگیز نەیدەزانی عەبای ڕەش چیە و هەمیشەش عەبای ژنەکانی تری لە پرسەکاندا دەدزی و دەیدڕاندن، ژنێکی زۆر بڵند و چوار شانە و سوور و سپی بوو.

**– پلکە کامیلا:** کچانی ئاوایی خەتەنە دەکرد.

**– پلکە هەیاس:** ئەو ژنەی هەمیشە پێڵاوی پیاوانەی لەپێ دەکرد، ژنێکی بەسام و هەیبەت و نوور و نەزەر بوو، هەر ئەویش بوو نەیدەهیشت چیدیکە ( پلکە کامیلا) کچانی ئاوایی خەتەن بکات، ... چما ئەگەر خودا ئەو شتۆکە بەزیادە گۆشت بزانیایە، لۆ بەخۆی نەیدەبڕی؟ چما پەکی بە (پلکە کامیلا) کەتبوو (حەسەن، 2017، 49-50).

**– عەیشێ خان:** ئەو ژنەی لەبەر چاوی پیاوان خۆی دەهاوێشتە کانیی فەقێیان و غوسلی لەخۆی دەردەکرد.

**– دوڕێ خان:** ئەو خانمە چکۆلەیەی کە هەرگیز لە بنێشتجوین نەدەکەوت و سۆتەکەی جغارەی دەهاویشتە ناو زاری.

**– حەلیمە خان:** دەفژەنبوو، بەناوی زیکر و تەهلیلەوە ژنانی دەخستە هەلەکە سەما (حەسەن، 2017، 50). بوونی ئەم کارەکتەرە لاوەکیانە، نیشانەی ڕۆچنفکری ڕۆمانووسە لە چارەسەرکردنی ڕووداوەکانی ناو (ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند)، هەروەها بەپێی گێڕانەوەی حیکایەتخوان لەم ڕۆمانەدا چەندین کارەکتەری تری لاوەکیمان بەچاو دەکەوێت، کە درێژەپێدەری گێڕانەوەی حیکایەتخوانن، وەکو:-

**– سەپانی هاوڕێی فەرهاد**: چونکە کاتێک شوانەکان کۆدەبوونەوە و باسی مەڕ و بزنەکانی خۆیان دەکرد، کە چۆن بە زەبری دار و لێدان مەڕ و بزنەکانیان دارکاریی کردووە و ترساندوویانن، وەکو حیکایەتخوان بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن سەپانی هاوڕێی فەرهاد دارکاری بزنە هاری کردووە (سەپانی هاوڕێم بە ئاهەنگی پاڵەوانێکەوە بۆ شوانەکانی دیکەی دەگێڕایەوە کە چۆن بەزەبری دار، سەر و کەلەی یەکێک لەو بزنە هارانەی پژاندووە، دەیوت وامکرد کە هەر هەموو تەگە و بزنەکانی دیکە زندەقیان بچێت) (حەسەن، 2017، 64). بیرکردنەوەی "فەرهاد" لەگەڵ هەموو شوانەکانی تر جیاوازە، چونکە "فەرهاد" دڵی بەم قسانە توند دەبوو، چونکە یەکەمجار بوو بزانێت شوانەکان ئەوەندە بێڕەحم و بێبەزەیین، دەستیان بچێتە گیانی مەڕ و بزنەکانیان و بیانکوژن، بۆیە بەناچاریی دەچێتەوە باوەشی "نەنێ" و دەیداتە پرمەی گریان، لەدوای ئەم گفتۆگۆیەوە ئیتر بڕیاردەدات خۆی لە کۆبوونەوەی شوانەکان بدزێتەوە و تێکەڵیان نەبێت.

**– خدر ماڵات:** ئەمەش لێرەدا وەکو کارەکتەری لاوەکی دەردەکەوێت و بەلاقرتێوە بە "فەرهاد"ی وت: (وەیش لە چەچەبڤە... مەکتەبیلە... بێزی نایە) (حەسەن، 2017، 65). "فەرهاد" بێزی لە قسەکانیان دەکردەوە و بە دڵڕەقیان دڵتەنگ دەبووم، بیزانیبایە لەکام مێرگ و پاوان و لێرەوار بووایەن، ئەو توخنی ئەو شوێنە نەدەکەوت، تەنیایی کردبووی بە کارامەترین شمشاڵژەن.

**– مامۆستا یونس:** لە وانەی زانستیشدا، "مامۆستا یونس" وەک کارەکتەرێکی لاوەکە لە ڕۆمانی (ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند)دا دەردەکەوێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لەناو پۆلدا چیرۆکی "ئادەم" و "حەوا" بۆ قوتابیەکانی باس دەکات، بەشێوەی دراما لە نێو پۆلدا کوڕێکی دەکردە "ئادەم" و کچێکیشی دەکردە "حەوا"، لەبەردەم تەختە ڕەشەکەدا بەشێوەی ترسنۆک ڕیسوا و گوناهبارانە ڕووبەڕووی یەکتری دەکردنەوە، کچێکیشی بانگ دەکرد و پێی دەوت (تۆ ببە بە درختە

حەرامەکە) (حەسەن، 2017، 73). هەموو جارێک وا ڕێکدەکەوت کە "فەرهاد" ببێتە "ئادەم" و "شیرین"یش ببێتە "حەوا"، هەموو جارێک "شیرین" بە "فەرهاد"ی دەگووت (ئادەم گیان ... لەبەردڵی من ئەم سێوە بخۆ) (حەسەن، 2017، 73). وەکو هەموو جارەکانی تر دوای خواردنی سێوەکە لە لایەن فەرهادەوە، مامۆستا یونس پڕ بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد و دەیوت: مڵۆزمینە ... هیچوپووچینە... ئێوە ئێستا ئادەم و حەوای گوناهبارن، نەوەک "شیرین" و "فەرهاد".

- زرار: هاوڕێی نزیکی "فەرهاد"ە، ئەم کارەکتەرەش لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)دا وەکو کارەکتەرێکی لاوەکی دەردەکەوێت، ناسراوە بە "زرارە شەیتان"، ئەمە بەهۆی ئەوەی هەمیشە لە لایەن "مامۆستا یونس"ەوە ڕۆڵی شەیتانی پێدەسپێردرا، لەبەرئەوەی دەنگی گڕ بوو، بەو دەنگە گڕەیەوە بەسەر حەواکانی پۆلدا دەیچرپاند، تەنیا یەک ڕۆژ "زرار" وێرای بە مامۆستا یونس بڵێت: (مامۆستا بۆ جارێکیش منیش ناکەی بە ئادەم) (حەسەن، 2017، 74). ئەویش توند گوێی دەگرت و بستێک پێی ڕاستەی لە زەویدا بەرزدەکردەوە و دەیوت: (چونکە خۆت ئیبلیس – یت). دەبوو "زرار" ئیبلیسانە قوتابیەکان فریو بدات و سێوە ڕزیوەکەی "مامۆستا یونس"مان لا خۆشەویست بکات و دەستی خۆی بەرزبکاتەوە و ڕووە و ئەو کچە بوەستێت کە خۆی دەکردە "حەوا"، لەکۆتاییشدا "مامۆستا یونس" دەیوت ئەها تەماشاکەن ڕۆڵەکانم چەند بە ئاسانی بەهەشتمان دۆڕاند، ئەگەر گوناهی دایکە حەوا و باوکە ئەدەم نەبووایە، ئیستا ئێمە هەموو لەبەهەشتدا دەبووین.

### 3-1-4 - جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)

#### 4-1-3-1- : کارەکتەری پەرەسێن:

هۆکاری دابەشکردنی کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە لەناو ڕۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پەیوەندیەکی دیالێکتیکییانە لەنێوان بەشێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لەگەڵ ڕوداودا هەیە بەوەی هەردوو لایەن کارلێک لەگەڵ یەکتری دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکترەوە، دواتر ئەنجامی ئەو پێوەندیی و کارلێککردنەی نێوان کارەکتەرو ڕوداو دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لە ڕووی پێکهاتەوە بۆ کارەکتەری پەرەسێن و پەرەنەسێن دابەش ببێت، ئینجا کارەکتەری پەرەسێن (ئەو کارەکتەرەیە کە پێکهاتەکەی بە تەواوبوونی ڕۆمانەکە تەواو دەبێت، لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر دەچێتە پێشەوە و لە هەموو هەڵوێستێکدا هەڵسوکەوتی نوێی لێ پەیدادەبێت و لایەنێکمان بۆ ئاشکرا دەکات) (اسماعیل، 1976، 193). کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لەنێوان کارەکتەراندا لە ڕووی پێکهاتەوە تەنیا لەنێوان کارەکتەری پەرەسێن و ڕوداودا هەیە، چونکە ئەگەر کاریگەریی کارەکتەری پەرەسێن بەسەر ڕوداودا بریتی بێت: لە دروستکردن و بەرەو پێشەوەبردن و یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکان، ئەوا لە بەرامبەریشدا ڕووداوەکانیش بەهەمان شێوە کاریگەرییان بەسەر پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرەش دەبێت.

ئەمەش واتای ئەوەیە کە کارەکتەرەکان لەنێو دەقی ڕۆماندا بە بەردەوامی لەگەشە و گۆڕاندان، هەمیشە نوێ دەبنەوە و پەردەسێنن لەبەرئەوەی (بەدرێژایی ڕوداو و هەڵوێستەکانی ناو ڕۆمانەکە هەڵوێستەکانی ئەم جۆرە کارەکتەرانە بەرە بەرە لایەنی نوێیان لێ دەدۆزرێتەوە کە ڕەنگە لەلایەن گوێگر، یان خوێنەر لەسەرەتای ناسینی کارەکتەرەکە ڕوون و ئاشکرا نەبووبن، نووسەری بەهرەمەندیش گەشە و پەرەسەندنی کارەکتەر بەشێوەیەکی پلەدار و سەلمێندراو دەکات، تاوەکو لەگەڵ ئەو سروشتەی کە لە واقیعدا هەیە بگونجێت) (بەکر، 2008، 101).

کارەکتەری پەرەسێن لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە چەندین هەڵوێست و کردەوەی نوێی تێدا دەردەکەوێت، واتە هەڵوێستی هزر و بیر و بۆچوون و کردارەکانی کارەکتەرەکە دەگۆڕێن ئینجا ئەو گۆڕانکارییە ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، بەجۆرێک سەرەتا لە هەڵوێست و هزر و بیروبۆچوونێکەوە بەرەو هەڵوێست و هزرو بیروبۆچوونێکی دیکەیان دەبەن، ئینجا دواتر ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانە ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و کار و کردەوەی ئەمجۆرە کارەکتەرە دەبێت، چونکە (جووڵەی جەستەی کارەکتەر ڕەنگدانەوە و کاریگەریی جووڵەی هزرە) (شێخانی، 2014، 134). کەواتە ئەنجامی ئەمجۆرە گۆڕانکاریی و پەرەسەندنەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەگەزی کتوپڕی و کاری نوێ و چاوەڕواننەکراو لە پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەدیبکرێت. چونکە کارەکتەری پەرەسێن تەواو نەبوو و تەواونەکراوە، بۆیە مامەڵە و ڕەفتارەکانیشی تەواو نابێت و دەرناکەوێت، تا ئەو کاتەی گێڕانەوەی ڕۆمان نزیکی کۆتایی

دەبێتەوە،

هۆکاری پەرەسەندنی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەلایەک بۆ بوونی پەرچەکردار، یاخود بەواتایەکی دیکە بۆ بوونی گیانی بەربەرەکانی لەلایەن ئەمجۆرە کارەکتەرە دەگەڕێتەوە بەرامبەر بەو پێشهات و ململانێ و کێشەو گرفتانەی لەلایەن کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە پەرەسەندنی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە بۆ بوونی ئامادەیی بەزاندنی کولتوور و نەریت و بەها باوەکان دەگەڕێتەوە بەوەی هەموو کاتێک ئامادە نابێت پابەندی ئەو نەریت و بەها باوانە بێت، چونکە (گۆڕان و پەرەسەندنی ئەمجۆرە کەسانە لە ئەنجامی لادان لە ڕەوتە لاساییەکەی ئەو ڕوداوانەوە دروست دەبێت) (سابیر، 2001، 175).

**– نەنێ**

"نەنێ" وەکو کارەکتەرێکی پەرەسێن لەڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند" ڕۆڵ دەبینێت، چونکە سەربار ئەوەی هاوشێوەی فەرهاد زۆرترین دەرکەوتن و ئامادەیی هەیە، بیرکردنەوە و ئەرکەکەشی دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی حیکایەتخوان ڕۆڵی حیکایەتخوانی نێو ڕۆمانەکەی بە کارەکتەری "نەنێ" بەخشیوە، هەورووەها لە میانەی گێڕانەوەی ئەو حیکایەت و داستانانەی کە بۆ "فەرهاد"ی دەگێڕاوەیە پێشبینی ڕوودانی هەندێک شتی دەکات، کەبەسەر فەرهاد دادێن، هەروەها ڕووداوی نێو ڕۆمانەکەش بە مردنی ئەو کۆتایی دێت، واتە دەستپێک بە "فەرهاد" دەستپێدەکات و بە مردنی "نەنێ" کۆتایی دێت کاتێک لەگەڵ "فەرهاد" بەرەو کوێستانەکان دەڕۆن، لەگەڵ ئەوەشدا تاکە ئەکتەرە کە زۆرترین زانیاریی لەبارەی ژیان و مردن و بابەتی وەکو ئاین و زانستەکانی تر و تەواوی خەڵکی ئاوایی هەیە، بەقسەی خودی "نەنێ ئەو لەکاتی گەنجیدا حەزی لە کوڕێکی تر کردووە، بەڵام بۆ یەک نەبوونە، تاکو دەمرێتیش هەر بەو داخەوە سەردەنێتەوە، هەر ئەم بەیەک نەگەیشتنەش بووەتە هەوێنی گێڕەوەی چەندین حیکایەت و داستانی دڵداری بۆ "فەرهاد" کە دواجار "فەرهاد"یش لەژێر کاریگەری حیکایەتەکانی "نەنێ" عاشقی "شیرین" دەبێت و ئەوانیش بۆ یەکتری نابن، کارەکتەری "نەنێ"یش هەروایە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تاکو کۆتایی، ئەرکی ئەو بریتییە: لە ئامۆژگاریکردن و گێڕانەوەی حیکایەت و داستان بۆ "فەرهاد"، وەکو گوتمان "فەرهاد" زۆری حەز دەکرد گەورە بێت و سواری یەکێک لە ئەسپەکانی باوکی بێت و ببێتە پاڵەوانی یەکێک لە داستانەکانی "نەنێ"، یان گەشت بکات بۆ شارە دوور و گەورەکانی حیکایەتەکانی "نەنێ" ئەو شارانەی کە پڕن لەباخ، لەژنی جوان و میهرەبان، لە باوکی مێرخاس و دایکی میهرەبان، لەباخان میوە بخۆم و هەر شەوەی لەسەر ڕانی خوشکێکی دڵنەرم بخەوم، کچان حەزم لێبکەن. بەڵام ("نەنکم" دەیوت پەلەی چیتە ڕۆڵە هەر گەورە دەبیت، کەڵەگەت بەقەد ئەسپیندارێک، .... ڕۆڵەی شیرینم مەگری بۆ گەورە بوون، ڕۆژێک دێت پەشیمان ببیەوە لەو خۆزگەیەت) (حەسەن، 2017، 54). بەڵام کاتێک "فەرهاد" گەورە دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئاواییەکەی خۆیان، پێشبینییەکەی "نەنێ" دێتە دی و "فەرهاد" هیچ لەوخەونانەی کە هەیبوو بەدەستی نەهێناو نەهاتنەدی، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەگیشت بە "شیرین"، نە توانی ئاو بۆ ئاوایی بهێنێت، جارێک " فەرهاد" پرسیاری ئەوە لە "نەنێ" دەکات، ئەرێ ("نەنێ" بۆچی لەکۆتایی هەر چیرۆکێک ئەوەندە دەگریێ؟ "نەنێ"یش وەڵامی دەدایەوە عیشق جگە لە گیرۆدەبوون و دەردە دڵ هیچی تر نییە.

– نەنێ گیرۆدەبوون چیە؟، ئەویش نەیدەتوانی کاڵفامێکی وەکو من حاڵی بکات، بۆیە دەیگوت: وەکو ئەوە وایە بزنە شێتەکەی تۆ لە ڕاستەڕێ لابدات و بگاتە سەر شوێنێکی زۆر عاسێ، وەها گیرۆدە بێت، نەتوانێت بگەڕێتەوە نێو مێگەلەکەت، خۆ ئەگەر بیشیەوێت بجووڵێت و بڕواتە پێشێ، بکەوێتە ناو خەرەندەوە. دیسانەوە دەمپرسی "نەنێ" عیشق و گیرۆدەبوون و عاسێبوونی بزنەشێت کەی وەکو یەکن؟ ئەویش دەی وت با کەسی عاشق چ پیاو بێت، یان ژن، وەکو بزنە شێتەکەی تۆ وایە ... جاری وا هەیە چڵەگیایەک لەسەر دوندێک، یان کوێرە ڕێیەک فریوی بدات، دەکرێت تۆ بزنەکە بیت و دەوروبەرت سەوزە گیا) (حەسەن، 2017، 56-57). "نەنێ" مەبەستی ئەوەیە بە "فەرهاد" بڵێت ئەنجامی هەموو عەشق وخۆشەویستییەک لەم مەملەکەتەی ئێمە بە کارەسات کۆتایی دێت، دواجار هیچ کامێکتان بۆ یەک نابن و هەر یەکەتان دەکەونە مەملەکەتێکەوە و ناگەن بە مەرامی خۆتان، چونکە تۆ فێربوویت دوای بزنە شێت بکەویت و لە ڕاستەڕێ لابدەیت، دەم دەبەیت بۆ چڵە گیایەک کە ڕێی هاتنەوەت نەبێت و لەخواری تووەش خەرەند و هەڵدێرێکی هەزار بە

هەزارە بوونی هەبێت، پەیوەندی نێوان "فەرهاد" و بزنەشێت وەکو پەیوەندی گیانی بە گیانی نێوان دوو کەسی زۆر خۆشەویست وابوو، چونکە هەر ئەوکاتەی لەدایک دەبێت، "فەرهاد" خۆی لە خوێن پاکی دەکاتەوە، هەر خودی "فەرهاد" شایەتی گەورە بوون و گۆڕێنی چاوەکانی و ڕەق بوونی سمەکانی و گۆڕینی مانگ بە مانگی قارینەکەی دەبێت، وە بیرم دێت چۆن لە کاریلەیەکەوە بوو بە جوشتیر، هەر بەهۆی خۆشەویستی بزنەوە شیتەوە باوکم لەتەمەنێکی زووە وە دەمکاتە شوانە بچکۆلەی خێڵەکەی خۆمان، هەموو جار "نەنێ" پێی دەوتم شوانەکان، یان عاشقێکی گەورەیان لێ دەردەچێت، یانیش دەبن بە شایەر، منیش دەمپرسی بۆ "نەنێ" ؟ ئەویش وەڵامی دەدەمەوە و دەیوت: چونکە شوانەکان هەمیشە بە تەنیان، وەکو مە پیس نابن، ئەوان دوورن لە درۆ و دەلەسە و فرِوفێڵ، شوان کوڕی ئاو و گڵە، تەنانەت "نەنێ"یش حەزی لێبوە شوو بە شوانێک بکات. چونکە گێڕەرەوە لەسەر زاری "نەنێ" بۆمان دەگێڕیتەوە و دەڵێت: (هەموو جاران، شەوانە دوای گێڕانەوەی داستانەکانی عیشق و گیرۆدەبوون، بە قەهرێکەوە دەیوت: ئەمن کە جحێڵ بووم چەندە حەزم دەکرد شوو بە شوانێک بکەم... خوا نەیکرد) (حەسەن، 2017، 60). "فەرهاد" لەم قسانەی "نەنێ" گومانی عەشقێکی دۆڕاو دەکات، چونکە "نەنێ" وەها بە چێژ و تاسەوە ئەو هەموو حیکایەت و داستانە عاشقانە دەگێڕێتەوە دەڵێی هەمووی لە سینەیدا نووسراونەتەوە، "نەنێ" لەگەڵ گێڕانەوەی ئەم چیرۆک و داستانانە دەیدایە پڕمەی گریان و سەری دەخستە نێوان هەردوو لەپی گەورەی خۆی و دەینووساند بە سنگییەوە، هەردوو مەمکە گەورۆنە و شۆڕ و داکەوتووەکانی، هەردوو پەڕەی گوێییان دادەخست و هەستی بە هەنسکەکانی نێو ناخی دەکرد.

دواجار "نەنێ" هەر بەداخ و حەسرەتەوە سەر دەنێتەوە، چونکە کاتێک باوکی "فەرهاد" لەگەڵ کاروانی خزمە نزیکەکانی بەرەو کوێستانەکان دەنێرێت، "نەنێ"یش لەگەڵی دەڕوات لە ڕێگادا لەناو تەم دا لە کاروان دادەبڕین و ون دەبن. چونکە " فەرهاد" دەڵێت: (لە کوێین نەنێ، ئەویش مردووانە وەڵام دەداتەوە: نازانم ڕۆڵە... گوێم لە زنگۆڵانەی هێسترەکانیش نییە، لەوە دەچێ لەکاروان دابڕابین) (حەسەن، 2017، 182). دوای دابڕان لە کاروان بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن لەناکاو "فەرهاد" گوێی لە نرکە و ناڵەی "نەنێ" دەبێت کە بە (ترسێکەوە دەناڵێنێت و قرخەیەکی لە قوورگی عاسێ دەبێت) (حەسەن، 2017،187). ئینجا دوای ئەم قرخەیە "فەرهاد" هەست بە گرانایی سەر و سینەی "نەنێ" دەکات وخۆی بۆمان دەگێریتەوە و دەڵێت:تا دەهات نەنکم بەسەرمدا دەکەوت و بەسەر خۆمدا دەینوشتاندمەوە، وەکو ئەوەی بیەوێت بمباتە نێو هەناوی خۆی، تا دەهات هەردوو دەستی توند بە قەدی منەوە دەئاڵاند، بەڵام ئەوە قورسایی جەستە لاوازەکەی نەبوو، کە منی دەخنکاند، بەڵکو هەستم دەکرد من وام لەژێر گرانایی هەموو ئەو چیرۆک و داستان و ئەفسانە و حیکایەتانەم کە لەسینە و کەلە سەری داپیردان، بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەری "نەنێ" لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی هاوشان لەگەڵ "فەرهاد" ڕۆڵەکەی پەرەدەسێنێت، چونکە لەسەرەتادا وەکو کەسێکی ئامۆژگاریکار و پەروەردکار ڕۆڵدەگێڕێت، بەڵام دواتر دەردەکەوێت عاشقێکی دۆڕاوە

**4–1–3–2-: کارەکتەری پەرەنەسێن:**

ئەم جۆرەی کارەکتەر لەناو دەقی ڕۆماندا لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی، کارەکتەرێکی نەگۆڕە و هیچ گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەکەیدا ڕوونادات، چونکە ئەم جۆرە کارەکتەرە (تاک ڕەهەندە و یەک شێوەی هەیە و ناگۆڕێت) (عبدالله، 1986، 66). واتە کارەکتەرێکی نەگۆڕە و هەمیشە لەنێو ڕۆماندا بەیەک شێوە دەردەکەوێت و تەواو پێگەیشتووە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی کارەکتەری پەرەسێنە، هۆکاری پەرەنەسەندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی‌یەکی زۆری لەگەڵ ڕووداوەکاندا نییە، واتە کارلێک لەگەڵ ڕووداوەکاندا ناکەن و ناکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان، واتە هەڵکشان و بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکان کاریگەریی بەسەر هەڵوێست و هزر و بیر بۆچوونەکانی ئەمجۆرە کارەکتەرە نابێت، بەڵکو لەسەر هەمان هەڵوێست و هزرو بیروبۆچوونی خۆی دەمێنێتەوە بەجۆرێک ئەو هەڵوێست و هزرو بیروبۆچوونەی لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا هەیەتی ئەوا هەمان ئەو هەڵوێست و هزرو بیروبۆچوونەیە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا هەیەتی.

چونکە لەناو (ڕۆماندا خاوەن یەک سیفەتە و هیچ هەڵوێستێکی تری نابێت بەرامبەر بە ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، لەبەرئەوەی وەک کەسایەتییەکی پێشنەکەوتوو و نەگۆڕ ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، کە لەگێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا تەنیا گرنگی

بە ڕۆڵ و بۆچوونی خۆی دەدات و بەلایەوە هیچ پێویست نییە کەخاسیەت و سیفەتەکانی خۆی بەرەو پێشەوە ببات) (مرتاض، 1998، 89). چونکە پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا بەئاراستەیەکی ڕاستی دیاریکراو دەڕوات و تا کۆتایی ڕووداوەکان بەجێگیریی دەمێنێەوە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت، چونکە ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا (بەکاملی لەدایک دەبێت بێ ئەوەی ڕووداوەکان سروشت و سیماکانی بگۆڕن یاخود لە پێکهاتەکەی زیادی کەم بکەن) (الطائي، 2012، 133). واتە نە ڕووداوەکان و تەنانەت کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکەش کاریگەریی لەسەر پێکهاتەکەی دروست ناکەن.

هۆکاری ئەمەش لەلایەک بۆ نەبوونی پەرچەکردار یاخود نەبوونی گیانی بەربەرەکانی لەلایەن ئەمجۆرە کارەکتەرە دەگەڕێتەوە بەرامبەر بەو پێشهات و ململانێ و کێشەو گرفتانەی لەلایەن کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها هۆکاری ئەم بوونی جۆرە کارەکتەرە دەگەڕێتەوە بۆ وێنەکێشانی کارەکتەری پەرەسێن، چونکە پەرەسەندنی کارەکتەرە سەرەکیەکان بەهۆی ئەو ڕۆڵەیە کە کەسایەتی پەرەنەسێن ئەنجامی دەدات لەکاتی گێڕانەوەدا دەیپێورێت). (خەیات، 2019، ص 31). واتە لەسەر بیرۆکەیەک یان سیفەتێکی دیاریکراو بنیات دەنرێت و تەنیا یەک خاسیەتیان دەبێت و بەدرێژایی ڕەوتی ڕۆمانەکەش گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت بەجۆرێک نە ڕووداوەکان کاریگەرییان بەسەردا دەبێت و نەهیچیشیان لێوەردەگرن. چونکە (ڕوداوەکان کاری تێناکەن و نووسەر لەسەرەتاوە وێنەیەکی تەواو کاملی بۆ ئێمە دەکێشێت، بەجۆرێک وا کە توانای گەشەکردنی نەبێت، ئەمەش وا دەکات وەڵامدانەوەی بۆ ڕوداوەکان زانراو بێت) (غطاشة، 2000، 126). لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند) تەنیا دوو کارەکتەری لەو شێوەیەمان هەیە، کە یەک جۆرە هەڵسوکەوت و شێوازیان هەیە و لەگەڵ هیچ ڕوودا و بارودۆخێک هەڵوێست و کردەوەیان ناگۆڕێت، ئەوانیش:

**2-3-1-1- مامۆستا عوسمانی ماتماتیک:** هەمیشە بەدار حەیزەرانەکەیەوە دەهاتە ناوپۆل، ئەوتەنیا ئارەزووی ئەوەی دەکرد، کە قوتابیەکان بشکێنێتەوە و ناو لەپیان بەدار حەیزەرانەکە سوور بکاتەوە، "فەرهاد"یش تەنیا ئارەزووی ئەوە بوو کە مامۆستا عوسمان قەڵس بکات، مامۆستاش جگە لە "فەرهاد" بەردەوام حەزی دەکرد "شوان و سەپان و شێرۆ" دارکاری بکات، تاکە ئەرکی ئەک کارەکتەرە لەنێو ڕۆماندا تەنیا بریتیبوو: لە دارکاری، هۆکاری دارکاری ئەم قوتابیانەش تەنیا خشتەی لێکدان و دابەشکردن بوو، تا ئەوە ڕۆژێک ژمارهیەکی درێژ دەنووسێت و بە "فەرهاد" دەڵێت: (هەستە کوڕی کەر، هەستام و بێخەیاڵ و بێباک لە ژمارە درێژەکە وردبوومەوە، لەوکاتەدا سەرنجم دەچێتە سەر دوو کوختی و ئاگام لە ژمارەکە نامێنێت، لەوکاتەدا یەک شەقی لە قوونم داو بە تەختە ڕەشەکەی وە نووساندم... میز تا ڕان و بەلەک و ناو پێڵاوەکانی تەڕ کردم، سەگباب ... تۆ شوانی چەند مەڕ و بزنانی، بەدەم هەنسکەوە وتم شەست، پەنجا، چل، چلو هین، تفێکی لێکردم و چلو گۆڕی باوکت، نەکەی ئەو تفە بسڕیتەوە) (حەسەن، 2017، 80-81). لە هەموو وانەیەکدا ئەوە دۆخی "فەرهاد" و هاوڕێکانی بوو لەگەڵ مامۆستا عوسمان، یان دارکاری بوو، یانیش تفلێکردن و جنێودان.

**2-3-1-2- سیامەندی ئامۆزای فەرهاد:** ئەم کارەکتەرەش هەرچەندە ئامۆزای "فەرهاد"ـە بەڵام بەوە دەناسرێت کە ڕقێکی زۆری هەیە بەرامبەر "فەرهاد" و بزنەکەی، چونکە کاتێک "فەرهاد" لەکاری شوانی دووردەخەنەوە و "سیامەند" دەخەنە شوێنی، یەکەم کاری "سیامەند" ئەوەبوو بە زەبری گۆچانەکەی لمۆز و ددانەکانی بزنە شێتی شکاند، پاشان بەهۆی لێدانییەوە ئاسەواری چەندین برین لەسەر لاشەی دیاربوو، (دەمزانی سیامەندی ملکەچ چەندە رقی لەمن و بزنەشیتی منە، دەمزانی چەندە کینەباز و دڵڕەقە، دەمزانی لەسەر خواردنی چڵە گیایەک شاخی دەشکێنێت، لموزی پڕ خوێن دەکات) (حەسەن، 2017، 108). ئەوە ڕقی "سیامەند" بوو بەرامبەر بە "فەرهاد" و بزنەکەی، تەنانەت هەر ئەویش هۆکاری مرداروون و هەڵدێرانی بونە شێت بوو بۆ ناو قووڵایی خەرەند، چونکە ڕۆژێک "فەرهاد" بەهەر جۆرێک بێت خۆی دەگەیەنێتە لای "سیامەند" و سەردانی بزنە شێت دەکات، بەڵام بزنەشێت بڕیار دەدات لەڕقی "سیامەند" و بەبەرچاوی "فەرهاد" خۆی هەڵداتە نێو خەرەند.

**3-- ڕووداو لەڕوانگەی گۆستاڤ فریتاغەوە**

"گۆستاڤ فرێتاغ" لەبارەی ڕووداوە پێیوایە: لەقۆناغی "Rising Action" ڕووداوەکان پێش دەچن و کێشە و ململانێی نێوان کارەکتەرەکان بە سەرەکیی و لاوەکییەوە گەورەتر دەبێت، ڕکابەرییەکان زیاد دەکەن و تەنگەژەی دراما دروست دەبێت، تەنانەت ئەنجامی لوتکە دەردەکەوێت و لە قۆناغی (Falling Action) ڕووداوەکان خاو دەبنەوە و کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی کردارەکە دەبنەوە. "فرێتاغ" باوەڕی وابوو کە هەر ڕووداوێکی دراماتیکی دەبێت بەم پێکهاتەیە بڕوات تا سەرنجی بینەر یان خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێت و کاریگەریی ئەدەبی دروست بکات. ( Butcher, 2012, p 35). ئەم پێکهاتەیە تا ئەمڕۆش کاریگەری لەسەر نوسینی چیرۆک و دراما هەیە، لەبەرئەوە دەبینین ئەگەر ڕووداوێک بەم پێکهاتەیە تێپەڕ نەبێت، بە بۆچوونی "فرێتاغ" دراماکە کەمێک کێشەی پێکهاتەیی هەیە، یان کاریگەریی پێویست دروست ناکات. لە هەمانکاتدا "فرێتاغ" پێیوابوو: کە هەر چیرۆکێکی سەرکەوتوو پێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەیە کە دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی (بینەر و خوێنەر) ئەم پێکهاتەیە لە هەر چیرۆکێک، یان ڕۆمانێکدا ڕووداوێک لە دەکاتە ئامانجی دیاریکراوی خۆی کە پەیوەستە بە پێکهاتەی گشتی چیرۆک ، یان ڕۆمانەکەوە.

## 4 – 2 – ڕوداو لە ڕۆمانی تەمی سەر خەرەند

ڕۆمان لەکۆمەڵێک ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە، هەر ڕەگەزێک ئەرکێکی لەئەستۆ دایە، واتە هەر توخمێکی نێو ڕۆمان لە چوارچێوەیەکی سنووردار‌دا دەتوانێت واتا ببەخشێتە ڕۆمان و بەپێی یاسایەک لەنێو ڕۆماندا ڕۆڵ ببینن، لەئەنجامی ئەمەشدا ڕۆمان وەکو دەقێکی زیندووی هونەری دێنە بوون، واتە هەریەک لەم ڕەگەزانە ڕۆڵیان دەبێت لەبەرهەمێنانی ڕۆماندا لەسەرەتای سەرهەڵدانی ژانری ڕۆماندا بنەما هونەرییەکانی لەسەر بنەمای سێ یەکێتییەکەی شیعر بنیات نرابوون، کە ئەرستۆ لەکتێبی (هونەری شیعر) دا، یەکێتی ( کات، شوێن، بابەت)ی باسکردووە، بەڵام دواتر بەهۆی پەلهاویشتنی ڕۆمان لە ناوەڕۆکدا، کۆمەڵێک پێکهاتەی هونەری تر هاتنە مەیدانی بەرهەمهێنانی ڕۆمانەوە.

ڕووداو بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دراما دادەنرێت و قورسایی تەکنیکەکانی تری دراما لە ڕووداودا چڕ دەبێتەوە، لەهەمانکاتدا کارەکتەر و ململانێکانی نێوانیان شوێن پێی گۆڕانی ڕووداوەکان دەکەون، چونکە ئەگەر لە دەقێکدا ڕووداوێک یان زیاتر هەبوو ئەوا (پێویست بەوە دەکات کە کارەکتەر هەبێت بۆ جێبەجێکردن و ڕۆڵگێڕانیان لە گەمەکردن و ئەنجامدانی ڕووداوەکان، کە ڕووداو و کارەکتەرت هەبوو، ئەوا پێویست دەکات شوێنیشت هەبێت بۆئەوەی کارەکەی لەسەر ئەنجامبدەیت، کە ئەو سێ توخمەشت هەبوو، ئەوا کات بەخۆی ڕە پیشت دەکات هەموویان لەماوەیەکی دیاریکراودا کۆدەکاتەوە). (عەلی، 2007، ل 62). واتە ڕووداو ئامرازێکی گرنگە لە کۆکردنەوە و گونجاندنی توخمەکانی تری ڕۆمان.

لەڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)دا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ئیستاتیکی وێنای کۆمەڵگەی کوردیمانی بۆ کێشاوە، ئەویش بریتییە: لە گەڕانەوەی تاکی کورد لە هەندەرانەوە بۆ زێدی خۆی، بەوەی چەندە تامەزرۆیە بۆ دووبارە بینینەوەی نیشتیمانی خۆی و یادەوەرییەکانی منداڵیی، واتە ڕۆماننووس سوودی لە ڕوداوی واقیعی وەرگرتووە وتەوزیفی نێو ڕۆمانەکەی کردووە، هەموو ئەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا ڕوویانداوە، ڕووداوی واقیعی کۆمەڵگەی کوردین و چەندین دەیەیە دووبارە دەبنەوە و لەداهاتووشدا هەر دووبارە دەبنەوە، چونکە (هەر دوای گەڕانەوەم لە غەریبی، لەپاش کۆچ و سەرهەڵگرتنی چەندەها ساڵ ... تاکە خەونێکم ئەوەبوو ڕۆژێک بێت و بۆم برەخسێت و بگەڕێمەوە مەڵبەندی منداڵی) (حەسەن، 2017، 7) دەستپێکی ئەم ڕۆمانە بە ڕووداوی گەڕانەوەی "فەرهاد" لە هەندەرانەوە دەستپێدەکات، ئەمەش تاکە خەونی ئەو بووە، خەونەکەشی هاتۆتەدی، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە هەموو شتێک گۆڕاوە و هیچ کەس و شتێک لە شوێنی خۆیدا نەماوەتەوە، ئینجا لێرەوە گێڕەرەوە لەسەر زاری "فەرهاد" سەرجەم ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام تاکە ڕووداوێک کە سەرتاپای گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەگۆڕێت، سەرتاپای ژیانی "فەرهاد" و "شیرین" دەگۆڕێت، ئەو ڕووداوە سەرەکیەی کە وا دەکات، "فەرهاد" لە کاری شوانی دووربخرێتەوە، بخرێتەوە بەر خوێندن و قوتابخانە و زیاتر نزیکبوونەوە لە "شیرین"، دواتریش بەیەکەوە بینینیان لە لایەن مامۆستا "عوسمان، پاشان دارکاریی و ئەشکەنجەیەکی زۆری "فەرهاد" بدرێت و "شیرین"یش سەرکوت بکرێت، بریتییە: لە خۆ هەڵدێرانی بزنەشێتی "فەرهاد" بە بەرچاوی "فەرهاد" و "سیامەند"ی ئامۆزایەوە، (لەپاش بێزارییەکی زۆر و دیلکردنێکی درێژخایەن، لەتاو برینەکانی

لەش و لەجێی گۆجانەکانی "سیامەند" بێباکانە لە غەزەب و دڵڕەقیەکانی "سیامەند" دەنێو کۆمەڵێک تاشە بەرد و دار و دەوەن ... بە بەرچاومەوە وەک کەسێک بیەوێت خۆی بکوژێت و خۆشەویسترین کەسیشی بکات بە شایەت، بزنەشێت بەدەوری خۆیدا خولی دەدا و دەیقاڕاند، وەک ئەوەی بیەوێت تۆڵە لە بێباکی من و دڵڕەقی "سیامەند" و باوکم و هەموو دونیا بکاتەوە، پڕ بە فیز و هەوا لە من و دار و بەرد و ئاسمان، دوا نیگای چاوە زەردەکانی شپرزەی کردم و لەچاو تروکانێکدا خۆی هەڵد، بەبەرچاومەوە بەر کەرتە شاخەکان دەکەوت و پارچە پارچە بوو) (حەسەن، 2017، 119-121). ئیدی لێرەوە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان گۆڕانکاریی بەسەردادێت و ئەرک وەزیفەی هەر یەک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەک "فەرهاد، نەنێ، شیرین" دەبێتە شتێکی تر، چونکە دوای ئەم ڕووداوە "فەرهاد" دەبێتە کەسێکی تر و حەز بە مردن دەکات و پێیوایە کە بزنەکە لەو ئازاتر و بەغیرەتترە، بە واتایەکی تر بزنەشێت مردن و مەرگی پێباشتربووە لە ژیانی ژێردەستەیی و لێدان و دارکاریی، "فەرهاد"یش دەیویست هەمان سیناریۆ دووبارە بکاتەوە و ڕزگاری بێت لە تف و لێدان و شەق و جنێوەکانی باوکی و مامۆستا "یونس و مامۆستا "عوسمان"، بەڵام "شیرین" دڵی دەدایەوە و دەیوت ("فەرهاد" نابێ خۆت بکوژی ... نابێ خۆ تۆ بزن نیت، تۆ دایک و باوک و نەنکت هەیە) (حەسەن، 2017، 123). گێڕەرەوە ئەم ڕووداوەی خۆ هەڵدانی بزنە شێت لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەدا دەگێڕێتەوە، بەڵام دەبێتە هۆی بەیەک بەستنەوەی ڕووداوەکانی سەرەتا و کۆتایی ڕووداوەکە، چونکە ڕۆماننوس تەکنیکی فلاشباکی بەکارهێناوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، گێڕەرەوە لە ئێستادا دەژیت و باس لە ڕابردوو دەکات و بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆی دەگێڕێتەوە.

## 3-4 ڕۆڵی شوێن لەڕوانگەی گۆستاڤ فریتاغەوە

شوێن لە ڕوانگەی "گۆستاڤ فرێتاغ" ـەوە بە شێوەیەکی سەرەکی وەک ئامرازێک بۆ پاڵپشتی ڕووداو و کارەکتەرەکان دەبینرێت، نەک وەک توخمێکی سەربەخۆی چیرۆک و ڕۆمان، چونکە شوێن دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕووداو و دەرکەوتنی کارەکتەرەکان هەبێت، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە پێکهاتەی سەرەکی چیرۆکەوە هەیە. بۆ نموونە، شوێنێکی تاریک یان تەنگ دەتوانێت هەست بە فشار یان نائارامی دروست بکات، هەر لەبەر ئەمەشە پێیوایە: شوێن وەک پاڵپشتی ڕووداو و کارەکتەر (Setting as Context) دەبینێت، شوێن ڕێگای بۆ ڕووداوە سەرەکییەکان دەکاتەوە، بەڵام خۆی نابێتە سەرەکی (Muthalib, 2007, 44). ئەم بۆچوونەی "فرێتاغ"یش پێچەوانەی بۆچوونی نووسەر و ڕۆماننووسە هاوچەرخەکانە لەبەرئەوەی هەندێک نووسەری هاوچەرخی وەک "ویلیام فۆکنەر، گابرییێل گارسیا مارکێز" شوێن وەک توخمێکی سەرەکی چیرۆک، یان ڕۆمان دەبینن، بەڵام "فرێتاغ" زیاتر وەک ئامرازێکی پاڵپشتیکار بۆ پێکهاتەی چیرۆک و ڕۆمان دەبینێت. بۆ چوونی نووسەرانی تر بەم شێوەیە:-

- ویلیام فۆکنەر - William Faulkner: شوێن وەک توخمێکی سەربەخۆ دەبینێت.
- تۆلستۆی: شوێن وەک بەشێکی سروشتی لە ناو چیرۆک و ڕۆمان دەبینێت.
- فرێتاغ: شوێن پاڵپشتیکار و خزمەتکارە بۆ پێکهاتەی چیرۆک، نەک توخمێکی سەرەکی و سەربەخۆ (salt, 1974, 110).

لێرەوە تێدەگەین شوێن لە ڕوانگەی فرێتاغ"ـەوە گرنگە، بەڵام وەک پاڵپشت خزمەتکار بۆ پێکهاتەی سەرەکی چیرۆک و پەرەپێدانی کارەکتەرەکان، نەک وەک توخمێکی سەربەخۆ، "گۆستاڤ فرێتاغ" (لە پێکهاتەی هەرەمەکەیدا لە بەشی پێشەکی (Exposition)دا باس لە ناساندنی شوێن، کات و کارەکتەرەکان دەکات، ئەو باوەڕی وابوو کە شوێن دەبێت ڕۆڵی هەیە لە هاوسەنگ کردنی پەیوەندی نێوان ڕووداو و کارەکتەرەکان، چونکە شوێنێکی تەنگ (وەک ژوورێکی تاریک) دەتوانێت فشاری دەروونی لەسەر دەروونی کارەکتەر دروست بکات، بەڵام شوێنێکی فراوان (وەک دەشتێکی فراوان) دەتوانێت هەستی ئازادی یان تەنیایی بە کارەکتەرەکان ببەخشێت) (Rasmussen, 2000, 59). ئەمە کاریگەرییە لەسەر دەروونی بینەر و خوێنەریش ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە شوێن "ئامرازێکە" بۆ نیشاندانی دۆخی کارەکتەرەکان، نەک بۆچوونێکی سەربەخۆ.

ئەمەش لەوەسفکردنی گێڕانەوە یان لە جوڵانەوەی دایەلۆگی کەسایەتیەکان بەرجەستە دەبێت، بەڵام شوێن وەک

توخمەکانی تر پێویستە و ملکەچی کات بێت (جۆن برین) سەبارەت بە شوێن دەڵێت ((ئەگەر لەسەر شوێن بنوسیت ئەوە لەسەر خەڵکیش دەنوسیت)) (شێخانی، 2014، 206). چەمکی شوێن زۆر لایەنی فراوان دەگرێتەوە هەر ئەمەش وای لە نووسەران کردووە هەریەکەیان بەپێی بیر و بۆچونی خۆی و تێگەیشتن لە گەردوون بۆچوونی خۆی دەرببڕێت. دەکرێت بڵێین: مرۆڤ بەهۆی شوێنەوە ڕوخسار و جل و بەرگی دەردەکەوێت، هەروەها شوێن کوولتور و دابونەریتیش دەپارێزێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کەسێک لە شوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی تر بە گۆڕانی شوێنەکە کەسەکە لە ڕووی زمان و جل و بەرگ و دابونەریتەوە دەگۆڕێت. شوێن توخمێکی گرینگە لەو توخمانەی کە تەکنیک و شوێنگەلێک دروستدەکات، لەهەمان کات شوێن بەبێ ئەو توخمانە ناتوانێت بژی (توخمی کات لەمیانەی گێڕانەوە دەستپێدەکات، لەکاتێکدا توخمی شوێن لەمیانەی وەسف دەستپێدەکات) (ئیسماعیل، 2011، 21).

هەروەها (جیهانی شوێن بنچینەییە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، دەستکەوت بڵاونابێتەوە و گەشەناکات لەکاتدا ئەگەر لەشوێنێکدا لەدایک نەبێت). (عەبدولڕەحمان، 2010، 105). واتە هەموو ڕووداوێک لە ڕۆماندا دەبێت لەشوێنێک دەست پێبکات و لەشوێنێکیش کۆتایی پێبێت، چونکە شوێن دابڕاو نییە لە توخمەکانی تری ڕۆمان، بەڵکو هەمووان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و دەبێتە ناسنامە بۆیان. هەروەها (شوێن وەکو کات ئامرازی تەکنیک و پاڵپشتی باشی پێکانی مەبەستەکانی ڕۆماننووسە، جگە لەبەها هونەریی و ستاتیکییەکان، بەهایەکی بەرزی هزریشی هەیە، لەیەکەم سەرنجمان بۆ شوێن، ئەوا کۆمەڵێک شتمان بۆ ئاشکرا دەبێت و کۆمەڵێک پرسیارمان لە ئەگەری واقیع بوونی شوێنەکە لە لا دروست دەبێت) (فەوزی، 2000، 20). لە شیعر و چیرۆک و ڕۆماندا چەندین شوێن و توخم کە ئەدیب کردوونی بە شانۆی ڕوداوەکان بوونیان هەیە، بۆیە هەرگیز ماددە ناتوانێت لە دەرەوەی شوێن بوونی هەبێت،

### 1-3-4- جۆرەکانی شوێن لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)

شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی چیرۆک و ڕۆمان، چونکە هیچ چیرۆک و ڕۆمانێک نییە، بەدەر بێت لەشوێن، هەر ڕووداوێکیش کە ڕوو دەدات لەشوێنێکەوە دەستپێدەکات و لەشوێنێکیش کۆتایی دێت، چونکە شوێن (ئەو ئامرازەیە بەهۆیەوە قەناعەت بەخوێنەر بکەیت، سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە و سەرەنجام خوێندنەوەی ڕۆمانەکە لەلایەن خوێنەرەوە دەستەبەر بکەیت). (سدیق، 2009، ل 125). زاڵبوونی ڕۆماننووس پەیوەندی بە هەڵبژاردنی شوێنەوە هەیە، کە چ شوێنێک دەکاتە شانۆی ڕوودانی ڕووداوەکان، لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)دا، ڕۆماننووس چەندین شوێنی جیاوازای بەکارهێناوە، پێش ئەوە باسی جۆرەکانی شوێن بکەین، سەرەتا باسی شوێن دەکەین لەلایەن ڕۆماننووسەوە، (ترپەی دڵی هەمیشە ترساوی ئەوکاتەی کە لەگەڵمدا دەیویرا بێتە ناو ئەشکەوتی "دێوان" و گوڵەکان بۆن بکات). (حەسەن، 2017، ل 31). کاتێک ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند) دەخوێنینەوە هەست بە ئاشنایەتی شوێنەکان دەکەین و دەزانین کە شوێنەکان واقیعین و بەرجەستەن و هەستیان پێدەکرێت.

### 1-1-3-4 شوێنی کراوە

شوێنی کراوە بریتییە: لەو شوێنەی کە ڕووبەرێکی فراوان و تا ڕادەیەک بێ سنوور و دیارینەکراوی هەیە، تیایدا مرۆڤ گوزارشت لەئازادی خۆی دەکات، دیارە کە هەموو زیندەوەرێک بەسروشتی خۆی ڕقی لەو کۆت و پێوەندانەیە کە بەسەریدا دەسەپێن، بە تایبەتی ئەو کۆت و پێوەندانەی کە جووڵە و هاتووچۆکانی سنووردار دەکەن، چونکە خودی مرۆڤ لە ناو سنووری خودی خۆیدا کامڵ نابێت، بەڵکو لە دەرەوەی ئەو سنوورەدا هەست بە ئاسوودەیی و بەختەوەری دەکات، شوێنی کراوە بە پێی بنیات و بەکارهێنانی پۆلێندەکرێت، بەمشێوەیە: ( شار، گەڕەک، کۆڵان، شەقام، بیابان، دەشت و دەر، چیا و کەژکێو)، هەموو ئەو شوێنانەی کە هەندێکیان دەستکردی مرۆڤن و هەندێکی دیکەیان سروشتین، لە ڕووی بنیات و زۆرجاریش لە ڕووی بەکارهێنانەوە کراوەن، چونکە ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە و مرۆڤ دەتوانێت لە زۆربەیاندا بژێت). (محمد، 2009، ل 43). بەڵام هەندێک شوێنی دیکە هەیە لە ڕووی بنیاتەوە داخراون بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە کراوەن، واتە هەموو کەسێک، یان زۆر کەس دەتوانێت بەکارییان بهێنێت وەکو (فەرمانگە حکومییەکان ، کڵێسا، مزگەوت، قوتابخانە، زانکۆ، چێشتخانە، چاپخانە، میوانخانە حەمام). بەپێچەوانەشەوە شوێنمان هەیە لە ڕووی بنیاتەوە کراوەن و لە ڕووی بەکارهێنانەوە داخراون، وەکو باخچە یان کێڵگەیەکی سەر بە موڵکی تایبەت، یان ناوچەیەک

جێگای مەترسی بێت و کەس نەتوانێت تێیدا بژێت و بەو هۆیەوە قەدەغەکرابێت وەکو شوێنە دوورە دەستەکان و ناوچە مینرێژکراوەکان، یان ناوچەی قەدەغەکراوی نێوان دوو بەرەی شەڕکەر). (حەمەد، 2015، ل 78).

لەم ڕۆمانەدا شوێنی کراوە زیاتر لە هەموو شوێنەکانی دەرکەوتن و ڕۆڵی هەیە، چونکە ڕۆماننووس کۆی ڕۆمانەکەی لەژینگەیەکی کراوەی وەک شاخ و دۆڵ و گرد و سەرکانیی و گەرمیان و کوێستان و چەندین شوێنی تر گێڕاوەتەوە. (کە سەرما پێستی گرژ دەکردین، دەهاتینە دەرێ و خۆمان دەدایە، بەر تینی خۆرەتاو، ئیدی گەرم دادەهاتین و دەشووینەوە ژێر سێبەری دار بەڕووەکان). (حەسەن، 2017، ل 32). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ژینگە و شوێنێک کە کراوە و مەودایەکی فراوان و بێسنووری هەیە، ئاشکرایە سنووری دەشت و چیا و دۆڵ، پڕییەتی لە جۆرەها درەخت و گوڵی بۆنخۆش، بوونی ئەمجۆرە درەخت و گوڵانەش وا بەستەیە بە شوێن و ژینگەیەکی کراوەی فراوان و بیسنوور، (لە پێچیکی دیکە و لە نزارێکی دیکەدا، بە گوڵە ماست و پەلەزێ و شلێر و مێلاق و کنێر و گوڵە فەقێ و سونبول شاگەشکەی دەکردم). (حەسەن، 2017، ل 66).

### 4-3-1-2 شوێنی داخراو

ئەو شوێنەیە کە ناوەکەی بەخۆیەوە و شوێنێکە سنوورێکی دیاریکراو و داخراوی هەیە، تەنانەت مرۆڤیش دەسەڵاتی تێدا سنووردارە، هەندێکجار خودا بە سنوورداری دروستی کردووە، هەندێکجاری تریش مرۆڤ خۆی سنورداری دەکات. شوێنی داخراو (بەو شوێنانە دەوترێت کە لەبەردەم هەموو کەسدا کراوە نییە، ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە، هەڵسوکەوتکردن بۆ کەسەکان تێدا سنووردار کراوە، هەندێکجاریش ئەم جۆرە شوێنانە لە گۆشەنیگای ڕۆماننووسەوە دروست دەبێت). (محمد، 2022، ل 53). لەم ڕۆمانەشدا هەندێک شوێنی داخراو بەرچاو دەکەون کە لە ڕوانگەی ڕۆماننووسەوە دروست بووە، (لەناکاو لە پێچێکی ڕکدا، ڕووەو دەستە ڕاست کۆلانێکی تەنگەبەر منی گەیاندە سەر مەزارەکە). (حەسەن، 2017، ل 47). کۆلانێکی تەنگەبەر ئاماژەیە بۆ شوێنێک کە دەسەلاتی مرۆڤ تێدا سنووردارە، هەروەها لەڕووی مەوداوە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوە، دوای لێدان و داکارییەکی زۆر مانەوەی لەناو جێگا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، "فەرهاد" لە ژوورەکەی دێننە دەرەوە و بڕیاردەدەن کە بیشۆن و خاوێنی بکەنەوە، (وە ئاگایان هێنام، حەمامیان بۆ داخستم، حەمامێکی زۆر گەرم کە چڵک و چەوری و ئارەقەی چەندین شەو و ڕۆژم بشواتەوە). (حەسەن، 2017، ل 147). ئەم حەمام کردن و شووشتنەی "فەرهاد"یش بەزەبر و داواکاری "نەنێ"ییە، چونکە زۆر پێداگیر بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەرچۆنێک بێت دەبێ "فەرهاد" لەناو جێگا بێتە دەرەوە، دوای ئەم حەمام کردنە چاوەکانی "فەرهاد" دووبارە ڕۆشن بووەوە

### 4-3-1-3 شوێنی هۆگر

شوێنی هۆگر ئەو شوێنەیە کە تیایدا مرۆڤ هەست بە ئارامیی و ئاسوودەیی دەکات و سەرچاوەی خۆشبەختی مرۆڤ پێکدەهێنێت، چ لە هی سەردەمی منداڵی وەکو ماڵ و قوتابخانە کە یادەوەرییە جوانەکانی لەخۆگرتووە، یان هی سەردەمی ئێستا وەکو ماڵ و شوێنی کارکردن و شار، هەندێک جار بارودۆخ و هەڵویستی کارەکتەرەکە، گۆشەنیگاکەی بەرانبەر بە جۆری شوێنەکە دەگۆڕێت و پێچەوانەی دەکاتەوە. واتە، شوێنی ناهۆگر دەبێت بە هۆگر و بە پێچەوانەشەوە. (حسین، 2022، ل 184). لەوەتەی مرۆڤ هەیە، هەمیشە پەنا بۆ شێخ و مەزارو دوعا و نووشتە هەندێک شتی تر دەبات، بۆ وەدی هاتنی مرازەکانی، لەم ڕۆمانەشدا مەزاری "چاکی پەڕۆ" هەیە، خەڵکی ئاوایی دەچن سەردانی دەکەن و پەڕۆکی لێ دەبەستن بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانیان، (دەمزانی گەر مەزاری "چاکی پەڕۆ" بدۆزمەوە، لەوێوە بە هەوارزێک سەردەکەوم و دەگەمە ڕەوەزە شاخێک). (حەسەن، 2017، ل 46). ئەم شوێنە بۆ "فەرهاد" جێگای ئارامی و ئاسوودەییە، چونکە زۆرێک لە یادەوەرییەکانی منداڵی لەگەڵ "نەنێ" لێرە ڕوویداوە بەتایبەتی کاتێک "نەنێ" لەگەڵ خۆی دەیهێناو دوعای خۆشبەختی بۆ دەکرد، هەم بۆ ئەوەی بە "شیرین"ی دڵخوازی خۆی بگات، هەم ببێتە شایەرێکی لێهاتوو.

### 4-3-1-4 شوێنی ناهۆگر

شوێنی ناهۆگر ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بە ناچاریی و بێ ویستی خۆی ژیانی تێدا بەسەردەبات، واتە لەم شوێنەدا مرۆڤ کەسێکی تەواو بێ هێز و بێ ئیرادەیە، لەم جۆرە شوێنەش وەکو، زیندان، تاراوگە، یان ئەو شوێنە دوورە دەستانەی

ژیانی مرۆڤ تیایدا لە مەترسیدایە و ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، وەکو بیابان، لەبەرئەوە مرۆڤ لەم جۆرە شوێنانەدا، جگە لە ناهۆگری هەستی ڕق و کینە، هەستی دوژمنکارانەشی تیایدا دەورووژێت و گەورە دەبێت، لەنێو ژانری چیرۆک و ڕۆماندا شوێنی ناهۆگر بە چەندین شێوە بەرچاو دەکەوێت. (سالح، 2006، ل 53). لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری "فەرهاد" بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە و هەڵدرانی مەڕ و بزنەکانی، چەندین جار زیندانی دەکرێت لە ژێرزەمینەکەی ماڵی خۆیان، (لەسەر ئەو گوناهە گەورەیە هەفتەیەکی دیکە زیندانی کرام، سەرباری شەق و تف و جوێن، بە هەزار تکا و پاڕانەوەی خزم و دراوسێیان، دوای هەفتەیەک لە ژێرزەمینەکە تاریکەکەوە، نەخۆش و ڕەنگزەرد منیان دەرهێنا). (حەسەن، 2017، ل 97–98) زیندانی کردنی کارەکتەر لێرەدا هێمای کوولتووریکی سەقەتی باوک سالاریی، چونکە سزادنی "فەرهاد" بە پاساوی مردنی مەڕ، یان بزنێک، کە هیچیان بە خواستی ئەو نەبووە، ئاماژەیە کە ژێرزەمین، ئەو شوێنەیە مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی هەندێکجار ناچار دەکرێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، تێیدا بژیت.

### 4-4- ڕۆڵی کات لەڕوانگەی گۆستاف فریتاغەوە

لە ڕوانگەی "گۆستاڤ فریتاغ" کات (Time) یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی دراما و ڕۆمان، بەڵام جیاواز لە شوێن زیاتر وەک ئامرازێکی پێکهاتەیی دەبینرێت کە خزمەت بە پەرەسەندنی ڕووداو و ململانێیەکان دەکات، کات وەک "توخمێکی بەردەوام" دەبینرێت لە چیرۆک و ڕۆماندا، ئەمەش پەیوەستە بە پێکهاتەی چیرۆک و ڕۆمانەوە، فریتاغ باوەڕی وابوو کات دەبێت خزمەت بە ململانێی نێوان کارەکتەرەکان بکات، هەروەها (زۆری و کەمی کات لەمەسەلەی ڕوودانی ڕووداوەکانی نێو ڕۆماندا کاریگەری دەبێت لەسەر کارەکتەرەکاندا، چونکە کاتی کورتخایەن وەک "٢٤ کاتژمێر" فشار زیاد دەکات، بەڵام درێژخایەنی وەک (چەند ساڵێک) دەتوانێت گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی کارەکتەر پیشان بدات) (Freytag, 1900, 209). کاریگەری کات هاوشێوەی کاریگەری شوێنە لە ڕووی دەروونییەوە لەسەر دەروونی خوێنەر و بینەردا، تێبینی ئەوەدەکرێت لای گۆستاڤ فریتاغدا کاتی مێژوویی گرنگییەکی زۆری پێدراوە، لەبەرئەوەی ئەو پێیوایە: کاتی مێژوویی تەنیا وەک پاڵپشتییەک بۆ کارەکتەرێکی داگیرکار بەکاردەهێنرێت. لە ڕوانگەی گۆستاڤ فریتاغەوە، کات (Time) و شوێن (place) وەک دوو توخمی پەیوەست بە یەکتر دەبینرێن کە خزمەت بە پێکهاتەی چیرۆک و دراما دەکەن. "فریتاغ" لەبارەی ڕۆڵی کات لە تیۆرەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات پێویستە لە چیرۆک و ڕۆماندا بابەتی یەکێتی کات (Unity of Time) ڕەچاوبکرێت: ئەمەیان پەیوەندی بە ئەرستووە هەیە، کات پێویستە کورت و چڕ بێت وەک( ٢٤ کاتژمێر. (Giulia, 2021, 38). واتە پشتگیری کاتی کورت خایەن دەکات، چونکە وای بۆچووە کە کات بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەرەو لوتکە دەڕوات، پاشان ڕەچاوی کاتی دراماتیکی بکرێت، چونکە تیشک دەخاتە سەر ساتە گرنگەکان، بێ گوێدانە ماوە درێژەکان. "فریتاغ" لە نووسینەکانی خۆیدا ئاماژە بە سێ جۆر لە کاتی جیاواز دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

- کاتی مێژوویی: کە زیاتر بۆ چیرۆک و ڕۆمانی مێژوویی و داگیرکاریی گونجاوە.
- کاتی نمونەیی: مەبەست لەم جۆرە کاتە، ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی دەنووسرێت.
- کاتی پەرەسەندن: مەبەست لەم جۆرە کاتە ئەوەیە بۆ پیشاندان و گەورەبوونی کارەکتەرەکانە (song, 2020, 147).

لە پەیوەندی نێوان کات و شوێندا، فریتاغ کات و شوێن وەک دوو توخمی پەیوەست بەیەکترییەوە دەبینێت، چونکە پێیوایە کە (شوێنی کاتی و کاتی شوێنی) بوونی هەیە، بەمجۆرە:

- شوێنی کاتی: کات دەتوانێت شوێن بگۆڕێت (وەک گۆڕانی وەرزەکان).
- کاتی شوێنی: شوێن دەتوانێت هەست بە خێرایی یان هێواشی کات بکەین، چونکە شوێنیش دەتوانێت کات دروست بکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو وردەکارییەی کە "فریتاغ" بۆ کاتی هەیەتی، ڕەخنەی ئەوە لە "فریتاغ" دەگیرێت کە لەبارەی کاتەوە تیۆرەکەی سنووردارە، ئەمەش بەهۆی (نەهێشتنی کاتی دەروونیی، نەبوونی گۆڕانکاریی لە خێرایی ڕووداوەکان، کە ئەمەش پەیوەستە بەکاتەوە، هەروەها کەمی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو (Flashback) (Barnard, 2011, 154).

### 4-4-1- کات لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)

لە ڕۆمانی تەمی سەر خەرەندا ڕۆماننووس هەوڵیداوە کاتێکی سروشتیدا ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە. "نەنێ" وەک

کارەکتەری سەرەکی گێڕەرەوە پێشەی کێڕانەوەو ئامۆژگاربکردنی "فەرهاد"ی پێسپاردووە (هەموو شەوێک لەدوای گێڕانەوەی چیرۆکی (پەرییەکی تۆراو)، "نەنێ" ئامۆژگاری دەکردم) (حەسەن، 2017، 32). هەموو ئەو ئامۆژگارییانەی "نەنێ"یش بۆ ئەوە بوو "فەرهاد" لە "شیرین" دووربکەوێتەوە بۆئەوەی تووشی کارەساتێک نەبن و "شیرین"یش بە دەردی خوشکی بچێت، بەڵام ئەوە شتە ڕوویدا کە کەس چاوەڕێی ڕوودانی نەدەکرد، جگە لە "نەنێ". سەرەڕای ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکدنەوەی "فەرهاد لەلایەن "نەنێ"یەوە بۆ ئەوە لە "شیرین" دوور بکەوێتەوە، بۆئەوە نەکات بەزوویی و پێش تەمەنی گەورە بوون"فەرهاد" باڵغ بێت و تووشی هەڵەیەک بن لەگەڵ "شیرین، بەڵام (لەپاش نیوەڕۆیەکی خۆشی وەرزی بەهار، "شیرین" وەک فریشتە لەسەر گاشە بەردێک لێم پەیدابوو) (حەسەن، 2017، 68). "شیرین" بەناوی کەنگر لێکردنەوە ماڵ بە جێدەهێڵێت و خۆی دەگەیەنەتە "فەرهاد"، گێڕەرەوە لێرەدا دەیەوێت ئەوەمان پیشانبدات کە "شیرین" سوور بووە لەسەر ئەوەی چاوی "فەرهاد" بکەوێت، سەرباری ئامۆژگارییەکانی "نەنێ" و ڕێگریەکانی باوکی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی "شیرین" دەیزانی کە باوکی بەو دەرچوونە بزانێت چ چارەنووسێکی شووم چاوەڕێی دەکات، هەروەها دیاریکردنی کاتی" پاش نیوەڕۆیەکی وەرزی بەهار" ئاماژەیە بۆ کاتێکی مێژوویی دیاریکراو، چونکە لە کاتی مێژوویی (ڕۆماننووس کاتی ڕووداوەکان زۆر بە وردیی دیاریدەکات، "فەرهاد" تەمبەڵترین قوتابی پۆلەکە بوو، ئەمە وایدەکرد، هەموو ڕۆژێک لێدان و داکاریی بکرێت بەدەستی مامۆستا "یونس" و "عوسمان"، لێدانەکەش بەزۆری ناو هەردوو لەپی دەستی دەگرتەوە (شەو هەردوو ناو لەپم، بەسوێ دەکەوتنەوە، وام هەست دەکرد دوو پشکۆ ئاگرن لەناو لەپم قرچە قرچ گۆشت و ئێسقان بەیەکەوە دەسووتێنن) (حەسەن، 2017، 84). لەڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"دا گێڕەرەوە تایبەتمەندی مامۆستایەکی تووڕە و توند و دڵڕەقی بە مامۆستا "عوسمان" بەخشیوە، تەنانەتوەکو کارەکتەرێکی پەرەنەسێن لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تاکو کۆتایی، هەرکاتێک گێڕەرەوە باسی قوتابخانەکەی ئاوایی کردبێت، باسی لێدان و جنێو شەق و تفی مامۆستا" عوسمان"ە، تا کار گەیشتە ئەوەی ئەندامی جەستەی "فەرهاد" بە دەستی مامۆستا "عوسمان" بشکێت (بیرمە چ زستانێکی سارد بوو کە دواجار مامۆستا عوسمان، دوو پەنجەی دەستی ڕاستەمی شکاند) (حەسەن، 2017، 86). دووبارە لێرەدا گێڕەرەوە کاتی مێژوویی بەکارهێناوە، چونکە دەیەوێت ئازار و سوێی "فەرهاد" پیشان بدات، کە چۆن لەسەرما و زستانێکی سەختدا، بە لێدان و دارکاریی مامۆستا عوسمان دەستی "فەرهاد" شکێنراوە. گێڕەرەوە لەچەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا لەسەرزاری " نەنێ" جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت هەر چۆنێک بێت "فەرهاد" و شیرین" لەیەکتری دوور بکەونەوە، وەکو بڵێی "نەنێ" پێشبینی کارەساتێکی خراپ بکات کە بەسەر هەردووکیاندا بێت، (ئیدی لەو شەوە بەدواوە، کردبووی بە وێردی سەر زمانی کە واز لە هاوڕێیەتی "شیرین" بێنم) (حەسەن، 2017، 92). دوای دوورخستنەوەی "فەرهاد" لە کاری شوانی و لێکدابڕانی "فەرهاد" و بزنەشێت، گێڕەرەوە دێت بەشێوەی ئیستاتیکی وێنەی ساتە پڕ لە چاوەڕوانییەکانی "فەرهاد"مان بۆ دەکێشیت، کە چەندە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ڕانەمەڕەکەی دەکات بۆ ئەوەی دووبارە چاوی بە بزنە شیت بکەوێتەوە، (دەمەو ئێواران بێئۆقرە لەحەوشەدا لەناو کۆڵان چاوەڕێی گەڕانەوەی مێگەلەکەم دەکرد). (حەسەن، 2017، 106). هۆکاری ئەم دوور خستەوەش بۆ مردن و هەڵدێرانی مەڕ و بزنەکان دێت، لەوکاتەی کە "فەرهاد" شوانی مێگەلەکەی خۆیان بوو، ئەو کاتانەی کە گێڕەرەوەی ڕۆمان ئاماژەی بۆکردووە، هەموویان کاتی (گشتی، دەرەکی، واقیعی، سرووشتی، فیزیکیی)ین، دواجا دەبن بە بەشێک لەکاتی مێژوویی.

### 4- 5- دیالۆگ لەڕوانگەی گۆستاڤ فرێتاغەوە

"گوستاڤ فرێتاغ" باوەڕی وابوو کە پێویستە دیالۆگ لە نێو چیرۆک و ڕۆماندا ببێتە هۆکارێک بۆ پەرەشەندن و پەرەپێدانی ڕۆڵی کارەکتەر و کەسایەتییەکان، (لەبەرئەوەی هەر وتارێک و دەربڕینێک دەبێت ڕەفتاری کەسایەتییەکە بگەیەنێت و گوزارشت لەو کارەکتەر و کەسایەتییە بکات، لەهەمانکاتدا ئەم دیالۆگ و گفتوگۆیە دوو ئەرک دەبینێت، یەکەمیان: دەبێتە هۆی پێشخستنی ڕووداو ململانێکان، دووەمیان: بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، دەبێتە هۆی گواستنەوەی چیرۆک و ڕۆمان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر) (Jonason, 2009, 79). چونکە دواجار هەر بەهۆی دیالۆگەوەیە ڕووداوی نێو چیرۆک و رۆمان دەگاتە لووتکە، بۆ کردنەوەی ئەو گرێیانەی کە ڕۆماننووس گرێیداون. بۆچوونی

"گوستاڤ فریتاغ" وایە: کە لەسەرەتای کاری دراماییدا، یان چیرۆک و ڕۆمان، دیالۆگەکان لە ڕێکخستندا سادە و ڕوونن، (بەڵام دواتر گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن و پرسیار و ناکۆکی و ململانێی دروست دەکەن، بەڵام لە کاتی گەیشت بە لووتکەی ڕووداوەکان، ئەوا گفتوگۆکان کورت و توند دەبن، لە کۆتاییشدا دیالۆگەکان هێواش دەبنەوە و بەرەو چارەسەریی دەڕۆن) (Foster, 2021, 69). کەواتە: دەتوانین بڵێین: فریتاغ دیالۆگ وەک ئامرازێکی پێشخستنی دراما دەبینێت. بەڵام دیالۆگ لە دیدگای "فریتاغ" پێویستە بەم شێوەیە بێت:-

- پێی وابوو دیالۆگ نەک تەنیا قسەکردنە، بەڵکو ئامرازێکی دراماییە بۆ پێشخستنی چیرۆک و ڕۆمان، چونکە دەبێت: هەر وتە و دەربڕینێک بەرەو پلەی داهاتوو بڕوات.

- نواندنی کەسایەتی: زمان و شێوازی قسەکردنی کەسایەتییەکان دەبێت جیاواز بێت، لەچیرۆک و ڕۆماندا ڕۆماننوس دەبێت جیاوازی بکات لەنێوان کارەکتەر و کەسایەتییەکان، چونکە کارەکتەرێکی ئاسایی وەکو فەرمانبەرێک، وتە و دەربڕینەکانی کورتخایەنن، بەڵام کارەکتەرێکی وەکو بەڕێوەبەر، یان خاوەن ماڵ و شوێنێکی گشتی، یان زانایەک وتە و دەربڕینەکانی درێژخایەنن)، لەگەڵ ئەمەشدا دیالۆگ دەبێت هەستەکانی وەک (خەم، توڕەیی، خۆشی) دروست بکات (Rickman, 1981, 139).

### 4- 5-1 دیالۆگ لە ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند

دیالۆگ، یان گفتوگۆ یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بونیادنانی ڕۆمان بەگشتی، (لەپاڵ گێڕانەوە و وەسفدا کەرەستەیەکی بەهێزە و پانتاییەکی فراوانی هەیە بونیاتنانی چیرۆکەکانە نێو ڕۆمان، چونکە زیندوویی و چێژ بە دەق دەبەخشێت). (محمد، 2022، ل 62). لەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە بە هەردوو شێوازی دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەجۆرێک هەندێکجار دیاۆگەکە لەنێوان کارەکتەرە سەرەکییەکانە، هەندێکجاریش لەنێوان کارەکتەری سەرەکی لاوەکیدایە، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکجار گێڕەرەوە لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و ململانێ، واتە کەسی بەرامبەر بوونی نییە، هەر خۆی پرسیار دەکات و هەر خۆشی وەڵامدەداتەوە.

### 4-5-2 دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند

ئەم جۆرەی دیالۆگ دیالۆگ وەها دیاریکراوە، کە بەربڵاوترین جۆری دیالۆگ و گفتوگۆ بێت لە ژانری ڕۆماندا، دەکرێت بە (گفتوگۆی نۆبەت)یش ناوزەند بکرێت، هەروەها بەپێی ئەو ڕۆڵەی ئاشکرایەی دەیبینێت بە دیالۆگی پوختەش ناودەبرێت، چونکە (لەم جۆرە دیالۆگەدا وتەکان لەکەسی یەکەمەوە ئاڕاستەی ئەویدیکە دەکات، ئەویدیکەش بە زمانێکی سانا و ئاسایی وەڵامدەداتەوە) (السهيمي، 2009، 176). واتە کەسی قسەکەر بەشێوەیەکی سادە پرسیار دەکات و بەشێوەی سادەش وەڵام وەردەگرێتەوە، لە دیالۆگی ڕاستەوخۆدا چەند چەشنێک لە دیالۆگدا هەیە، وەکو دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت: (وشەکان لەم جۆرە دیالۆگەدا لە فەرهەنگی باڵادا نین، بەڵکو سادە و ساکارن) (حمەامین، 2020، 31).وەکو (لە شوفێرەکەم پرسی: ئەو هەموو ئەسپە بەچی مردوون؟ وتی ئەسپ نامرێت مامۆستای بەڕێزم، ئەسپ دەتۆپێت). (حەسەن، 2017، 13). "فەرهاد دوای گەڕانەوەی لە هەندەران و لە تێرمیناڵ سواری پاسێک دەبێت بەمەبەستی گەڕانەوەی بۆ ئاواییەکەی خۆی، لە ڕێگای گەیشتن بە ئاواییەکەیان دیمەنی مرداربوونی چەندین ئەسپ دەبینێت، و پرسیار لە شوفێری پاسەکە دەکات کە بۆچە ئەم ئەسپانە مردوون، لێرەدا پرسیارەکە شێوەیەکی سادە و ساکاری وەرگرتووە، ڕاستەوخۆش کاکی شوفێر بەسادە و ساکاری وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: ئەسپ نامرێت، بەڵکو دەتۆپێت. دوای ڕووداوی مردنی هەندێک مەڕ و بزن، لێدان لە "فەرهاد" دوورخستنەوەی لەکاری شوانی، کاتێک دەیهێننەوە بەر قوتابخانە، "شیرین " و "فەرهاد" زوو پێش قوتابیەکان دەهاتنە قوتابخانە، ڕاز و نیازی دڵی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕی، بەڵام "فەرهاد" ڕۆژێکیان شەرم دەیگرێت ناتوانێت جوان سەیری "شیرین" بکات، ئەم گفتوگۆیە دەکەوێتە نێوانیان

- شیرین زوو زوو پێی دەوتم: ئەوە چیە ... داوەشێیت... نایکەم... چاو هەڵبڕە.

منیش غەمگینانە دەموت: شیرین سەما بەسە وەرە دانیشە (حەسەن، 2017، 94). ئەنجامدانی سەما لە لایەن

"شیرین"ەوە بۆدڵخۆشکردنی "فەرهاد" بووە دوای ئەو هەموو لێدان و جنێو سووکایەتییەی لە لایەن مامۆستا و باوکی و هاوڕێکانییەوە پێی دەکرێت.

### 4-5-2 دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند

ئەم جۆرەی دیالۆگ، پەیوەستە بە کورتبڕی و درێژنەدان، لە هەمانکاتیشدا گەیانی واتا بەخوێنەر، چونکە گفتوگۆی نێوان دوو کارەکتەر، تیشک خستەسەر ئەنجامی گفتوگۆیەکە کە بەدیالۆگی ناڕاستەوخۆ ناودەبرێت، هەروەها ئەم جۆرەی دیالۆگە لایەنی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی ڕۆماننووسیش دەردەخات، چونکە لە دیالۆگی ناڕاستەوخۆدا (حیکایەتخوان ڕووداوی ڕابردوومان لە ئێستای گێڕانەوەدا بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی هەڵویستی کارەکتەرەکان لە ئاست ڕووداوەکاندا). (عوسمان، 2010، 198).

- پرسیم: نەنێ ؟

نەنێ بە قوربانت بێ

- ڕاستە باوکە ئادەم و دایکە حەوا لەسەر سێو خواردنێک کە خودا لێی حەرام کردوون، لەبەهەشت دەرکراون؟

سێوی حەرامی چی ڕۆڵە، کێ ئەم درۆیەی بە ناوی خوداوە پێ وتووی؟

- مامۆستای ئایینەکەمان... نەنێ

نە ڕۆڵە ... ئەوەندەی من بزانم و لە مەلاکانم بیستووە ... ئادەم و حەوا لە گوڵە گەنمەکەیان خواردووە

- بۆچی لێی حەرام کردوون

حیکمەتی خۆیەتی

حیکمەتی چیە نەنێ ؟ (حەسەن، 2017، 85)

ئەمە دیالۆگی نێوان دوو کارەکتەری سەرەکی وەکو "فەرهاد" و "نەنێ" یە کە باس لە بابەتێکی ڕابردوو دەکەن، کە هەم خۆی بابەتەکە دەگەڕێتەوە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ، هەم گێڕەرەوە لەم ڕۆمانەدا، سەرەتا ئەم بابەتە لەسەر زاری مامۆستا "یونس"ەوە بۆ قوتابیەکان دەگێڕێتەوە، واتە ئەم بابەتە سەرەتا لە قوتابخانە گێڕدراوەتەوە لەنێوان "فەرهاد وەک کارەکتەری سەرەکی، مامۆستا "یونس" وەک کارەکتەری لاوەکی، پاشان وەکو دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان دوو کارەکتەری سەرەکی، ئەگەر سەرنج لە وشە و دەستەواژەکان بدەین، دەبینین وەڵامەکانی "نەنێ" جۆرێک لە کورتبڕی و سادەیی پێوە دیارە لە هەمانکاتیشدا زانیاری دەگەیەنێت بەخوێنەر، جگە لەمانەش وەڵامی "فەرهاد"یش دەداتەوە

### 4-6- مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند

مۆنۆلۆگ،یان دیالۆگی دەرەوە یەکێکی ترە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، زیاتر بایەخ بەدیوی ناوەوەی کارەکتەر دەدات، واتە قسەکردنە لە خۆدا، بەڵام بەبێ دەنگی، هەر ئەم بێدەنگیەش کردەی قسەکردن بەرەو ناخی تاکە کەس ئاڕاستە دەکاتەوە، یاخود دەتوانین بڵێین: (ئەو قسانەیە کە کارەکتەر لەناو خۆیدا دەیکات، دەبێ کەس گوێی لێ نەبێت، واتە داخراوبن و گوێگریان نەبێت) (ئەڵوەنی، 2006، 19). واتە قسەکردنێکە لەناو زەینی کارەکتەردایە و کەس گوێی لێنابێت و وەڵامدەرەوەشی نییە، هەروەها ئەم جۆرەی دیالۆگ بە دیالۆگی دەرەوەش دەناسرێت، چونکە (وتەیەکی نەبیستراو و گۆنەکراوە، گوزارشت لە بیروڕ شاراوەکانی خودی کەسەکە دەکات) (ایرل، 2013، 13). واتە مۆنۆلۆگ لای کارەکتەر ئەوکاتە پەیدا دەبێت کە نەتوانێت هەستە ناوەکیەکانی خۆی دەربرێت، ئەمەش وا دەکات پەنا بۆ هەستە ناوەکیەکانی ببات بۆ خۆ دواندن. ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین: (لەڕێی مۆنۆلۆگەوە دەتوانرێت هۆش و زەینی کارەکتەر شیبکرێتەوە) (صالح، 2020، 271). مۆنۆلۆگ باشترین ئامرازی ناسینەوە و دۆزینەوەی خودی تاکە کەسە، چونکە وەرگر لە میانەی مۆنۆلۆگدا پەی بە جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان ببات و لە جیهانە واقیعیە ناخیان تێدەگات.

لە ڕۆمانی (تەمی سەرخەرەند)دا چەندین گێڕەرەوە چەندین دیمەنی لەشێوە مۆنۆلۆگ دەگێڕێتەوە، (چەندین گەراج قەمەرەم گۆڕی، هەر دەتوت نامەوێت خیانەت لەگەڵ یەکەمین مەنزڵگەی خۆم بکەم، دەمویست وەفادارانە ئەو قەرزە گەورەیە بدەمەوە) (حەسەن، 2017، 12). گێڕەرەوە لەسەر زاری "فەرهاد" وەک مۆنۆلۆگ هۆکاری گەڕانەوەی بۆ

زێدی باب و باپیران و گەڕانەوەی بۆ خەرەندمان بۆ باس دەکات، چونکە "فەرهاد" مەبەستی ئەوەیە کە پێش ئەوە پیربێت، یان بمرێت بگەڕێتەوە زێدی خۆی، هیچ نەبێت بۆ دواجار چاوی بە خەرەند و مەنزڵگای قۆناغی منداڵیی و خەرەند بکەوێتەوە، بۆ دواین جار لەو ئەفسوون و سیحرە پڕ لە سام و هەیبەتەی خەرەند ڕابمێنێت، بەدەم بانگەوازی خەرەندە خۆشەکەیەوە بێت و دووبارە هەموو ئەو شوێنانەی خەرەند ببینێتەوە کە لەگەڵ "شیرین"ی خۆشەویستی تێدا بەسەر بردووە.

(خودا هاوار ... بە بەرچاومەوە وەک کەسێک بیەوێت خۆی بکوژێت و منیش بکات بە شایەت، بە چەنگەکرێ هەوڵم دەدا لێی نزیک ببمەوە) (حەسەن، 2017، 119). لەوکاتەوەی کە "فەرهاد" و بزنە شێتیان لەیەکتری جیاکردەوە، هیچ کاتێک "فەرهاد" نەیتوانیبوو لەکاتی لەوەڕاندیان نزیکی بکەوێتەوە، هەم لەبەر ترسی دووبارە دارکاری لە لایەن باوکییەوە، هەمیش لەبەر فیز و خۆبەگەورە زانینی "سیامەند"ی ئامۆزای، ئەو ڕۆژەی "فەرهاد" بڕیاردەدات بچێتە لای و سەردانی بکات، ئەویش لە هەمان ڕۆژدا بڕیار دەدات خۆی لە خەرەندی خۆشەویستی "فەرهاد"ەوە فڕێبداتە خوارەوە، "فەرهاد" دەبێتە بینەری ئەم دراما تراژیدییە، چونکە بەچاوی خۆی دەبینێت چۆن بزنە شێت پارچە پارچە دەبێت و "سیامەند"یش چۆن پێی پێدەکەنێت

## 4-7-گرێچن لەڕوانگەی گۆستاف فرێتاغەوە

لە ڕوانگەی "گوستاڤ فرێتاغ"دا گرێچن (Plot)، یان پلانی چیرۆک، یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی چیرۆک و ڕۆمان، کە پێکدێت (لە زنجیرەیەک ڕووداو، کە سەرجەم توخمە پێکهێنە سەرەکییەکانی چیرۆک و ڕۆمان بە شێوازێکی هونەریی پێکەوە دەبەستێتەوە بۆ دروستکردنی کۆتاییەکی تەواو و کاریگەر، مەبەستیش لە کاریگەری ئەوەیە کە سەرنجی خوێنەر، یان بینەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت، هاوکات پەیامی نووسەریش دەگەیەنێت) (Barthes, 1977, 281). لە ڕوانگەی "گوستاڤ فرێتاغەوە" گرێچن چەند جۆرێکی هەیە، ئەوانیش بریتیین لە:-

- گرێچنی ڕێڕەوی (Linear Plot): ڕووداوەکان بە ڕێزبەندیی کات ڕوودەدەن (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی).
- گرێچنی ناڕێڕەو (Non-linear Plot): ڕووداوەکان بە شێوازێکی ناڕێڕەو دەڕۆن، وەک فلاشباک، یان پێشخستن و دواخستنی ڕووداوەکان.
- گرێچنی بازنەیی (Circular Plot): چیرۆک لەو شوێنە کۆتایی پێدێت، کە دەستی پێکردووە.
- گرێچنی چەماوە (Episodic Plot): چیرۆک بەسەر بەشە جیاوازەکان دابەشکراوە، پەیوەندییەکی کەم لەنێوان ئەم بەشانەدا هەیە.
- گرێچنی پڕ لە گرژیی (Dramatic Plot): تیشک دەخاتە سەر کێشە و ململانێییەکان و پاڵەپەستۆی زیاتر دەخاتە سەر کارەکتەر و کەسایەتییە سەرەکییەکان (Carson, 2005, 281).

## 4-7-1- گرێ (پلۆت) لە ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند

گرنگی کۆتایی لە ڕۆمان و چیرۆکدا، لە توخمەکانی تری ناو ڕۆمانەکە کەمتر نییە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کۆتایی خاڵی تەقینەوە و چارەسەر کردنی کێشە و ململانێییەکانە، هاوکات خوێنەر و وەرگریش بە هۆیەوە دەگاتە ئەنجامێک، جگە لەمەش کۆتایی ئەو بەشەیە کە ئامانج و مەبەستی گشتی ڕۆمانەکە تیادا دەخرێتەڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ کۆتایی ڕۆمانەکە ببێتە مایەی ڕازی کردن و قایل بوون لای خوێنەر، لە ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"دا گێڕەرەوەی ڕۆمان لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەدا کۆتایی بە ئەرکی کارەکتەری سەرەکی "شیرین" دەهێنێت، چونکە لە ڕووداوی سەماکردنەکەی "شیرین" بۆ "فەرهاد" لە نێو قوتابخانەدا، جارێکی تر گێڕەرەوە باسی کەسایەتی "شیرین" ناکاتەوە، چۆن بەڕێوەبەری قوتابخانە فەرمانی بە کارگوزارەکەی کرد دەڵێت: (ئا برۆ ... ئەو دەڵەقۆڕی عەبیارە لێرە نەمێنێت و بیبەوە ماڵی باوکە گەوادەکەی) (حەسەن، 2017، 130). بۆ کارەکتەری "شیرین" لێرەوە هەموو شتێک کۆتایی هات بێ ئەوەی ڕۆماننووس کۆتاییەکەی ڕوونبکاتەوە و ئەنجامێک بەدەستەوە بدات، بەڵام گرێی کەسایەتی "نەنێ" دەگاتە ترۆپکی ڕووداوەکە "پلۆت" چونکە دوای چەندین ڕووداو و گرێ و گۆڵ، لە کۆتاییدا ڕۆماننووس گرێی ئەو دەکاتەوە، ئەویش بە مردنی کارەکتەری "نەنێ"، واتە دەگاتە ئەنجامی کۆتایی کە مردنە، هەروەها دوای مردنی کارەکتەری "نەنێ" گرێیەکانی نێو ڕۆمانەکە بەرەو

کرانەوە دەچن و چونکە لەگەڵ مردنی ئەو کارەکتەرە ئەوا "فەرهاد"یش هەر لەسەر پشتی هێسترەکەوە لەگەڵ تەرمی "نەنێ" بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن بە ناو تەم توماندا، چونکە خۆی دەڵێت: (دەمزانی سینەی نەنکم زۆر لەوە تەنگترە کە جێگەی ئەو هەموو مەملەکەتەی تیا ببێتەوە، هەر بۆیە ئەوەندە گران بەسەر سەرمەوە بوو، وەها گەماڵۆی باڵا ساوا و کوڵەکەمی دا کە ئیدی تەواو ... من هیچم نەدەدی ... هیچم نەدەبیست، هاژە هاژی چەمەکەی ناو خەرەندیش لە هەردوو گوێمدا دەخنکا و دەمرد ... خۆشم بەدەم قوڵپی هەنسکەوە هەناسە بە هەناسە دەخنکام و گەرد بە گەرد دەتوامەوە و لە ناو تەمتوومانەکەدا ون دەبووم) (حەسەن، 2017، 188). لێرەدا لوتکەی گرێیەکان کۆتاییان دێت و ئەویش بە مردنی "نەنێ" و ونبوونی "فەرهاد" کەدەکرێت ونبوونێکی جەستەیی نەبێت، بەڵکو مەعنەوی بێت.

### 4-8-1 ململانێ لەڕوانگەی گۆستاڤ فریتاغەوە

لە ڕوانگەی "گوستاڤ فریتاغ"دا ململانێ بە دروستکەر و پێشخستنی سەرەکی دراما دادەنرێت و پێکهاتە دراماییەکەی لەسەر ئەم بنەمایە دروست دەکرێت، چونکە فریتاغ پێیوایە: گرێ دوو جۆری سەرەکی هەیە و پەیوەندییان بە لایەنی دەرەکی و ناوەکی کەسایەتییەکانەوە هەیە:

– ململانێی ناوەکی (Internal Conflict): ئەمەیان بریتییە: کێشە و ململانێی ناوەکی کەسایەتییەوە لەگەڵ خۆی دەکەوێتە گفتوگۆ و ململانێ.

– ململاێی دەرەکی (External Conflict): ئەم جۆرەشیان چەند جۆرێکی هەیە، وەکو:-

– کەسایەتی بەرامبەر  کەسایەتی وەکو "ڕکابەری دوو هێز".

– کەسایەتی بەرامبەر کۆمەڵگا وەکو "یاخیبوون بەدژ بە یاسا".

– کەسایەتی بەرامبەر سروشت وەکو "ڕووبەڕووبونەوەی کارەساتێکی سروشتی، یان ڕووداوێک کە مرۆڤ دەستی تێدا نەبێت" (Freytag, 1900, 289).

ئەمەی باسکرا جۆرەکانی ململانێ بوو لەڕوانگەی "گۆستاڤ فریتاغ"، بەڵام پێیوایە: ململانێی نێوان کارەکتەر و کەسایەتیەکان لە لوتکە (Climax) دا دەگات بە گەورەترین خاڵی خۆی (وەک شەڕ یان بڕیارێکی کارەساتبار، بەڵام لە (Falling Action)دا ململانێی کەم دەبێتەوە، بەڵام کاریگەرییەکانی دەمێنێت و بەردەوام دەبێت (وەک ئەوەی ڕکابەرەکە دەستبەسەر دەکرێت. (Abramson, 1980, 131). بەڵام لەبارەی پەیوەندی نێوان دیالۆگ و ململانێی "فریتاغ" پێیوایە: دیالۆگ باشترین ئامرازە بۆ نواندنی ململانێی، ئەویش بەم شێوازانە:

– پرسیار و وەڵام: وەکو ئەنجامدانی وتووێژێکی توندی نێوان کارەکتەر و کەسایەتییەکان

– سکاڵا: دیالۆگێک کە نیشانی بدات کەسایەتییەکە ناتوانێت ڕێگای گرێ بدۆزێتەوە (وەک: *"من نازانم چی بکەم" لەکۆتایی ئەو بەشەی کە "گۆستاڤ فریتاغ" تەرخانی کردووە بۆ باسکردن لە ململانێ، پێشنیاری ئەوە دەکات، کە دەبێت گرێ بەم قۆناغانەدا تێپەڕ بێت:

– لە سەرەتادا: ململانێیەکی سادە دروست بکە وەکو، " ناکۆکی لەسەر پارە".

– لە ناوەڕاستدا: بیگۆڕە بۆ کێشەیەکی گەورەتر، وەکو " نەهێشتنی ڕێز لە یەکتر".

– لە کۆتاییدا: ململانێیەکە توندتر بکەو بیگەیەنە بە خاڵی کۆتایی ئەنجام، وەکو "وەک تیرۆر، یان کوشتن). لە کۆتاییشدا دەڵێت: ململانێی بەشێکی زیندووی  درامایە، بێ ململانێ، چیرۆک مردووە (Aquinas, 2018, 168).

### 4-8- ململانێ لە ڕۆمانی تەمی سەرخەرەند

ململانێ وەکو چەمکێک تایبەت بە دەرخستنی کێشمەکێش و لایەنە دژ بەیەکانەی، کەوا لە ئەنجامی ململانێی نێوان دوو لایەن، یان زیاتر دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی ژیان و پێشکەوتن و پەرەسەندەکانی ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە کێبڕکێ و ململانێوە، هەروەها ئەو هۆکارە بەهێزەیە کە زیندوویەتی بەدەقی ئەدەبی (ڕۆمان) دەبەخشێت، چونکە (دەق بێ ململانێ وەکو جەستەی بێ گیان وایە، هەروەها ململانێ خاڵی دەستپێکی هەموو دەقێکی درامیە و چێژ بە چیرۆک و ڕۆمانەکە دەبەخشێت، تەنانەت دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگر گیانی بەشداربوونی لا چەکەرە بێت و هەست بەبوونی خۆی دەکات، وەکو کارەکتەرێک لەناو دراماد خۆی دەبینێتەوە) (حوسێن، 2018، 360). ململانێ نووسەر بە

مەبەست دروستی دەکات لەنێوان کارەکتەرەکاندا، بۆ ئەوەی ڕووداوی پێ ئاڵۆز بکات، هەروەها ڕووداوەکەش درێژ دەکاتەوە و نایەڵێت بە ئاڕاستەیەکی زنجیرەیی بڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت هەندێکجار ململانێ لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ بێت، یان لەنێوان مرۆڤ و سروشت، یان مرۆڤ و ئاژەڵ، تەنانەت دەگونجێت لە نێو خودی تاکە کەسێکیش بێت. ململانێ چەمکێکی فرە ڕەهەندە، دەکرێت لەچەند لایەنێکەوە لێی بکۆڵدرێتەوە، لەوانەش لایەنی ئەدەبی، چونکە لەڕووی ئەدەبیەوە ئەو بەرامبەری ناکۆکی و دژبەرییانە دەگرێتەوە کە لەنێوان کارەکتەرە و ڕووداوەکانی دەقێکی ئەدەبی بەرجەستە دەبن، وەکو (مجدی وهبة) لە پێناسەی ململانێدا دەڵێت: (ململانێ بەریەککەوتنی نێوان کارەکتەرەکانە، یان ئەو ناکۆکییەیە کە سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی ڕووداوێک لە شانۆ، یان چیرۆک و ڕۆماندا، دەگونجێت ئەو ململانێیە ناوەکی بێت و لە دەروونی یەک کارەکتەرەوە سەرچاوە بگرێت، یان لەنێوان چەند کارەکتەرێک بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێت ئەو ململانێیە دەرەکی بێت، وەکو ژینگەکەی، یان ئەو چارەنووسەی بۆی دروست دەکرێت) (وهبة، 1974، 85).

واتە ململانێ لەنێوان کارەکتەرکان ڕوودەدات لە ئەنجامی جیاوازی هەڵوێستیان لەگەڵ بیرۆکەکان و بابەتە سەرەکیەکان، جوانترین و باشترین وێنەی ململانێ ئەوەیە کە ململانێیەکە ئەوەندە گرژبێتەوە بگاتە لوتکە، دەبێت ڕۆماننووس بواری سەرەکی بدۆزێتەوە بۆ ململانێ و دوژمنایەتی و دژایەتی کارەکتەرەکان، بەمەرجێک ئەو ململانێ و دژایەتییە زیان بەپێویستی هاوکاریکردن نەگەیەنێت. چیرۆک و ڕۆمان ناوەندی سەرەکین بۆ دەرخستنی ململانێ و کیشمەکیشی نێوان کارەکتەرەکان.

لەڕۆمانی تەمی سەر خەرەندا ململانێی لە چەند ئاڕاستەیەکەوە لەنێوان کارەکتەرکاندا هەیە، وەکو ململانێی "فەرهاد" لەگەڵ "باوکی، مامۆستاکانی قوتابخانەی، سیامەندی ئامۆزای" بەڵام لەهەموو ئەم ململانێیانە گێڕەرەوەی ڕۆمان "فەرهاد"وەکو کارەکتەرێکی دۆڕاو و شکستخواردوو وێنا دەکات، چونکە لای "باوکی" تەنیا لێدان و بەند کردن بوو لە ژێرزەمینەکەی ماڵەوەیان، لە قوتابخانەش، چونکە تەمبەڵترین قوتابی قوتابخانەکە بوو، بەشی ئەو هەر لێدان و جنێو و تف و لێدان بوو، لە لایەن مامۆستا "یوسف" و مامۆستا "عوسمانی ماتماتیک"، نە خشتەی لێکدان و نە سورەی فاتیحەکەشی بۆ ئەزبەر کرا، لەگەڵ "سیامەند"ی ئامۆزاشی هەر دۆڕان و شکستخواردوو بوو، چونکە کاتێک "فەرهاد" لە کاریشوانی دوورخرایەوە، "سیامەند" شوێنی گرتەوە و خۆی وەک پاڵەوانێک پیشانی "فەرهاد" دەدا و لەبەرچاوی ئەو و بە ئەنقەست ئازاری بزنەشێتی "فەرهاد"ی دەدا، لە کۆتاییدا "فەرهاد" وەک کارەکتەرێکی سەرەکی بەهیچ کام لە خەون و ئاواتەکانی نەگەیشت و لە سەرجەم ململانێکان شکستی هێنا، چونکە نە گەیشت بە "شیرین"ی دڵخوازی، نە توانی لەکاری شوانی بەردەوام بێت، نە لە قوتابخانەش سەرکەوتوو بوو.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

**1-** یەکێک لەسیما و ئەدگارەکانی ناسینەوەی ڕۆمانی (شێرزاد حەسەن) ناوە، چونکە ئەو ناوانەی ئەوبەکاری هێناون لە ناو ڕۆمانەکەیدا ئاسایی نین بەڵکو وەکو ناوێکی واتایی پڕن لە ئیحا و ئاماژە، ئەمەش ئاستی ئیستاتیکای دەق بەرز ڕادەگرێت و وەرگر کەمەندکێشی نێو دەق دەکات و خولیای تێرامان و قوڵبوونەوەی زیاتری نێو جیهانی دەقەکە دەبێت، چونکە هەر کە ناوی (شیرین و فەرهاد) دەبینین، ئەوا ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەمان بۆ لای داستانی شیرین و فەرهاد وەکو دوو عاشقی بەیەک نەگەیشتوو دەچێت.

**2-** یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی (شێرزاد حەسەن) بریتییە: لە فرەگێڕەرەوی، چونکە ڕۆماننووس تەنیا پشتی بەیەک بونیادی گێڕەرەوە نەبەستووە، بەڵکو زیاتر پشتی بە گێڕەرەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزان بەستووە، بەم پێیەش سوودی لە بەکارهێنانی ڕاناوەکان وەرگرتووە، بەپێی پێویستی گێڕانەوە و شوێنی گێڕانەوە پرۆسەکەی ئەنجامداوە.

3- شێوازی بونیادنانی ڕووداو، یەکێکە لەو شێوازانەی کە ڕۆمانی (شێرزاد حەسەن)ی پێ جیادەکرێتەوە، چونکە تەنیا وابەستەی یەک جۆر بونیادنان نەبووە، بەڵکو سوودی لە بونیادە جیاوازەکانی ڕووداو بینیووە. وەکو بونیادی نۆرەیی، بازنەیی، تێهەڵکێش و زنجیرەیی.

4- وێناکردنی کارەکتەرەکان لەڕووی ئەرکەوە پەیوەستکردووە بەو ئەرک و ڕۆڵانەی کە دەیگێڕن، بۆ ئەمەش کەسایەتییەکانی دابەشکردووە بۆ سەرەکی و لاوەکی، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە تەنیا گرنگی داوە بە کەسایەتییە سەرەکییەکان، بەڵکو کەسایەتییە لاوەکییەکانیش بەپێی پێگەی خۆیان ڕۆڵیان لەبەرەوپێش بردنی گرێچنی ڕووداوەکاندا هەیە.

5- ڕۆماننووس پشتی بەستووە بە بونیادی کاتی جۆراوجۆر، بەڵام کاتی فیزیکی و سروشتی زیاتر بەرچاودەکەون و بەچڕی تەوزیفی کردوون.

## سەرچاوەکان:

### 1- بە زمانی کوردی:

#### کتێب


- ئەڵوەنی، نەجم خالید، (د.)، (2006)، تەکنیکی دایەلۆگ (لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک.
- ئیسماعیل، سەباح، (2011)، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- حاجی، سەنگەر قادر شێخ موحەممەد، (2009) بنیاتی گێڕانەوە لە (داستانی مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکانی)ی بەختیار عەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- حەسەن، شێرزاد، (2017)، تەمی سەر خەرەند، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- خەیات، ئاری عوسمان، (2019)، ڕوانگەی ڕەخنە و ڕوانینی تیۆریی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- سدیق، ئارام، (2009)، ستاتیکای گێڕانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- سەراج، عەبدوڵڵا، (2007)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- شێخانی، جەوهەر، (2014)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- صالح، ئاوارە کەمال، (د.)، (2020)، شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور بەنموونە، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر.
- فەوزی، سامان، (2000)، ڕۆمان بەرە و کوێمان دەبات، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاسا، سلێمانی.
- محمد، میران جەلال، (2009)، بنیاتی ڕوداو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج. سلێمانی.
- مەنتک، حەمە، (2013)، تەکنیکی فرە دەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.


#### تێز و نامە ئەکادیمییەکان


- حسین، ڤیان قانع، (2022)، هونەرەکانی گێڕانەوە لەڕۆمانی نوێی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- حەمەامین، سارا صدقی، (2020)، هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا (1920 – 1958)، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- حەمەد، کانیاو ڕەحمان، (2015)، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەڕۆمانەکانی کەریم کاکەدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ساڵح، تانیا ئەسعەد محەمەد، (2006)، بیناى شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- فەرەج، سنوور، (2012)، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)ی شێرزاد حەسەندا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


#### توێژینەوە بڵاوکراوەکان


- بەکر، هیمداد حوسێن، (2008)، چەمک و توخمەکانی چیرۆکی منداڵان، لەئەدەبی کوردیدا (1991 – 2005)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (7)، هەولێر.
- مجید، سەردار فایەق، (2023)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی (دوو لەت بوو)ی ئیتالۆ کالڤینۆ و ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی، توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (4).


#### ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

– عەبدولڕەحمان، مەجید، (2010)، بنەماکانی چیرۆکی نوێ، گۆڤاری نووسەری نوێ، مانگی نیسان، ژمارە (50).
– عەلی، حوسێن سابیر، (2007)، بینای ڕوداو لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (125)، هەولێر.

**فەرهەنگ**

– سەجادی و محمودی، بەختیار، محەمەد، (2004)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

**2- بە زمانی عەرەبی**

**کتێبەکان**

– اسماعیل، عزالدین، (1976)، الادب و الفنونة، الطبعة السادسة، دار الفكر العربي، القاهرة.
– السهيمي، صالح احمد محمد، (2009)، الحوار في الشعر الهذليين، جامعة ام القرى.
– سلامة، محمد على، (د.)، (2007)، الشخصيهة الثانوية ودورها في المعمار الروائى عند نجيب محفوظ، الطبعة الاولى، دار الوفا، الطباعة والنشر، مصر.
– عبدالله، عدنان خالد، (د.)، (1986)، النقد التطبيقى التحليلى، الطبعة الاولى، دار النشر الثقافة العامة، بغداد.
– غطاشة، داود، (2000)، قضايا النقد العربي قديمها و حديثها، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
– فاير، ديان دوات، (1988)، فن الكتابة الرواية، الترجمة: د. عبدالستار جواد، دار الشؤن القافية العامة، بغداد.
– مرتاض، عبدالله، (د.)، (1998)، في النظرية الرواية (البحث في تقنيات السرد)، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.
– نجم، محمد يوسف، (1963)، فن القصة، الطبعة الاولى، دار الثقافة، بيروت.
– وهبة، مجدى، (1974) ، معجم المصطلحات الادبية، الطبعة الاولى، المطبعة لبنان، بيروت.

**نامە و تێزە ئەکادیمییەکان**

– الطائى إبراهيم، (2012) بين القصة الادبية والقصة الصحفية، رسالة الماجستير، كلية الاداب، الجامعةالعراقية. بغداد.

**توێژینەوە زانستییە بڵاوکراوەکان**

– ايرل، ليون، (2013)، القصة السايكولوجية، الترجمة: محمود سمرة، المكتبة الاهلية، بيروت، نقلا عن: بسام خلف سليمان، الحوار في الرواية الاعصار و المئذنة لعماد الدين خليل (الدراسة تحليلية) مجلة كلية العلوم الاسلاميه، عدد (13)، المجلد (7).

**سایت و ماڵپەرەکان**

– الدقارى، مصطفى، (2009)، المفهوم الشخصية الروائية، WWW.Airssfourum. Com / showthread.php? t42021

**3- بە زمانی فارسی**

**کتێبەکان**

– زرقانی و صباغ، سید مهدی و محمود رضا قربان، (1395)، نضریه ژانر، نوع الادبی، رویکرد (تحلیلی، تأریخی، چاپی یەکەم، نشر هرمس، تهران.
– سیماداد، (1390)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپی پنجەم، انتشارات مروارید، تهران

**4- بە زمانی ئینگلیزی**

**کتێبەکان**

- Abramson. pp. (1980). Personality, New York, Holt, Reinhart & wensto.
- Aquinas Thomas, (2018), Summa Theologica, Subject: Christian theology.
- Barthes, R. (1977) – "The Death of the Author, argues that there is no such thing as the "author" of a text.
- Bida, Michal, (2017) Institution and department Charles University in Prague · Department of Software and Computer Science.
- Bressummer, Allison, (2022), Freytag's Pyramid Definition Examples and Usage, prewriting/Freytag's-pyramid.
-Barnard, L. K., & Curry, J. F. (2011). Self-compassion :Conceptualizations, correlates, & interventions .Review of general psychology, 15(4).
- Carson, R., Butcher, J.N., & Mineka, S. (2005). Abnormal Psychology and Modern Life (3rd Indian reprint). Pearson Education (Singapore).
- Carson, R., Butcher, J.N., & Mineka, S. (2005). Abnormal Psychology and Modern Life (3rd Indian reprint). Pearson Education (Singapore).
- Christoffersen, Erik Exe, (2021), Introduction to Peripetia and Serendipity, Umberto Eco: Serendipities. Weidenfeld & Nicolson.
- Cordova, Savannah, (2022), Freytag's Pyramid: Understand the Shape of Tragic Drama, blog. reeds, guide/story-structure, Freytag's-pyramid.
- Freytag, Gustav, (1900), Die Technik des Dramas, Third Edition, Chicago Scot, Foresman and company.
- Giulia.Anna(2021) Danuban, Vol. 33, Suppl. 9, pp 40-35 Conference paper0Hglflqvnd Qndodgd - Zagreb, Croatia.
- Griffith, K. (2006). Writing essays about literature: A guide and style sheet (8th ed.). Boston, MA: Wadsworth.
- Griffith, K. (2006). Writing essays about literature: A guide and style

- Hamilton, Meeker' (2008), And Other Principles Of Dramatic, Criticism(1910) Hardcover December 22.
- Lehmann, Hans-Thies, (2006), Posttraumatic Theatre, Translated and with an Introduction by Karen Jars-Munby, Published May 1, London and New York.
- Mahamood, M. (2001). The history of Malaysian animated cartoon. In J, Lent (Ed.), Animation in Asia and the Pacific (p. 131). Bloomington, IN: Indiana University Press.
- Rasmussen, Iben Nagel, (2000), Fragments of an Actor's Diary. In: Odin Teatret, John. Manchester University Press.
- Rasmussen, Iben Nagel, (2000), Fragments of an Actor's Diary. In: Odin Teatret, John. Manchester University Press.
- Rickman. R. M. (1981). Theories of Personality, second Edition, California, brooks/ coli, publishing.co.
- Song, van Proin, (2020). J.-W., &, M. The cultural dimension of intergroup conspiracy theories. British Journal of Psychology.
- Whitmarsh, T. (2011). Narrative and identity in the Ancient Greek Novel. Cambridge, UK: Cambridge University Press. sheet (8th ed.). Boston, MA: Wadsworth.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

- Butcher, (2008), THE POETICS OF ARISTOTLE, A Translation by S. H. Butcher, Release Date: November 3, 2008 [eBook #1974], Last Updated: January 22, 2013.
- Jonason, P. K., et al. (2009). The Dark Triad: Facilitating short-term mating in men. European Journal of Personality, 23(1).
- Suneetha, A S R V and Vasudha Nagraj (2006): "A Difficult Match: Women's Actions and Legal Institutions in the Face of Domestic Violence", Economic & Political Weekly, Vol XII No 41.

**توێژینەوە بڵاوکراوەکان**

- Foster, J. D., Campbell, W. K., & Twenge, J. M. Journal of Psychological Science, Vol. 20, Issue 97, p 87-77, Spring (April). 2021.
- Kennedy, Maev; Phillips, Tom (21 August 2007). "Cambridge University Press backs down over China censorship". The Guardian. ISSN 0261-3077. Retrieved 22 August 2007.
- Liddle, Dallas, (2024), Falling Action: Against 'Freytag's Pyramid Studies in the Novel, Johns Hopkins University Press Volume 56, Number 4, Winter 2024 pp. 415-424 10.1353/sdn.2024.a948004 Article.

**البنية الدرامية في رواية شيرزاد حسن "تامي سار خرند" من منظور نظرية غوستاف فرايتاغ**

**عبدالله تاهير محمد**
وزارة التربية – أربيل، إقليم كردستان– العراق
abdullah.mohammed@su.edu.krd

**عبدالله رحمان عولا**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية–مخمور ، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كردستان,العراق
abdulla.awla@su.edu.krd

**الملخص**

تقدم هذه الورقة البحثية بعنوان "الأسس الدرامية في رواية ضباب على الشاطئ لشيرزاد حسن" نظرية غوستاف فرايتاغ من منظور نظرية غوستاف فرايتاغ للبنية الدرامية التي وصفها على شكل هرم في القرن التاسع عشر ومن وجهة نظر غوستاف فرايتاغ، من الواضح أن شيرزاد حسن قد ضمّن العديد من الروايات والقصص والقصص القصيرة في المكتبة الكورية. في هذه الورقة، سنناقش بنية الدراما في رواية "تام سار خارند" إلى جانب الأنواع الرئيسية للدراما من حيث النظرية والتطبيق كما نشير أيضًا إلى الأنواع التي توجد كوحدات مستقلة في الدراما. من وجهة نظر غوستاف فرايتاغ، تفترض الدراسة أن عنصر الحدث هو أحد مكونات تداخل العناصر الرئيسية في النوعين الدرامي والروائي، لا سيما عندما يُوجَّه الحدث بناءً على بدايته ومنتهيه ونهايته. ترتبط الشخصية في رواية شيرزاد حسن بمصير الشخصيات، وهو الموت والاختفاء. وأخيرًا، تُعرض النتائج وقائمة المصادر .

**الكلمات المفتاحية:** غوستاف فريتاغ، دراما، الشخصية الحدث، الوقت و المكان.

**Dramatic Structure in Sherzad Hassan's Novel Tami Sar Kharand, from the Perspective of Gustaf Freitag's Theory**

**Abdulla Tahir Muhammad**
Ministry of Education - Erbil, Kurdistan Region - Iraq
abdullah.mohammed@su.edu.krd

**Abdulla Rahman Awla**
Department of Kurdish Language, College of Education-Makhmour, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
abdulla.awla@su.edu.krd

**Abstract**
This paper, entitled “Dramatic Foundations in Sherzad Hassan's Novel Fog on the Shore”, presents Gustaf Freitag's theory from the perspective of Gustaf Freitag's theory Gustav Freitag for the dramatic structure that he described in the form of a pyramid in the nineteenth century From Gustav Freitag's point of view, it is obvious that Sherzad Hassan has included many novels, stories and short stories in the Korean library In this paper, we will discuss the structure of drama in the novel “Tam Sar Kharand” along with the main genres of drama in terms of theory and practice We also refer to genres that exist as independent units in drama. From Gustaf Freitag's point of view, the study assumes that the element of event is one of the components The main elements of the drama and novel genres intersect, especially when the event is directed on the basis of the beginning, middle, and end of the event The character in Sherzad Hassan's novel is related to the fate of the characters, which are: death and disappearance. Finally, the results and a list of sources are presented.
**Keywords**: Gustav Freytag, Drama, Personality, Event, Time and Place.